# واتاکانی

## وشکانی گۆی زەوی

( کیشوەر و وڵات و دورگەکان )



نظمي قادر تەویلەیی

نارین




Scanned with CamScanner

# واتاکانی

## وشکانی گۆی زەوی

(کیشوەر و وڵات و دورگەکان)

کۆکردنەوەو بەکوردی کردن

نظمي قادر تەویلەیی

نارین

Scanned with CamScanner

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## پێشەکی

سوپاس و ستایش شایستەی ئەو خودایە کە بێ نیازوو بێ هاوتایە، بێ کۆتایە هەروەك چۆن بێ سەرەتایە ، درودو سڵاو لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد پێغەمبەر ( درودی خودای لێبێت ) .

لەوانەیە زۆرجار بەبیرتا هاتبێت ئاخۆ بۆچی ئەو وشکانی( کیشوەرو وڵات و دورگەکان )و ئاویانە( زەریاو دەریاو ڕووبارەکان ) ی سەر ڕوی زەوی و هەریەکە ناوێکی جیاوازی لەوی تر هەیە ؟ لەقۆناغی سێیەمی زانکۆدا بووم ئەم ناونیشانەی بەردەستم پێش چاوکەوت، بابەتێکی نوێ بوو بەلامەوە، چونکە پێشتر شتی وام لە وتارو پەرتوکەکاندا نەبینیبوو بەشێوەی کۆکراوە، بەڵام پاش بەدواداچوون و پرسیارکردن لەسەر ئەم بابەتە بۆم دەرکەوت کە پەرتوکی تری لەم شێوەیە هەیە، بەڵام هەر وەك بابەتەکانی زمانی کوردی بێبەش بوو لەم جۆرە بەرهەمانەو نەکەوتبوویە پەرتوکخانەکانەوە، وە هاوڕێیان لەبەشی جوگرافیا لە بەر پێویستی بابەتەکە ڕوویان لێنام و منیش دەستم کرد بەکۆکردنەوەو پاشان نوسینی .

ئەم بابەتە چەنێك بۆ زانستی جوگرافیا گرنگە، گرنگییەکەی بۆ بەشی مێژوو لەجوگرافیا کەمتر نییە، ئەم پەرتوکە ئەگەر چی کورت و پوختە، بەڵام زانیاری چەندین پەرتوکی لەخۆگرتووە، چونکە زانیارییەکانی چەندین شارستانیەتی کۆکردۆتەوە، لەچەند دێڕدا، دەتوانین لایەنەکانی ئەم پەرتوکە بەخاڵ کورت بکەینەوە :

١- ئەو ناوچەی تا ئێستا واتاکەیت نەزانیوە، لەمەولا واتاکەی دەزانیت( بەهێزترین خاڵی ئەم پەرتوکەیە ) .

٢- بەربڵاوی وشکانی و دانیشتوانی ناوچەکەی .

Scanned with CamScanner

٣- هەوڵــەكان بــۆ بــژێوی ژیــانو بڵاوبوونــەوەی دانیشــتوان لەســەر خاڵــە وشكانیەكان.

٤- مــرۆڤ هــەردەم لەگەڕانــدا بــووە، وە ئــامێری نــوێی بەدەســت خســتووە بــۆ دۆزینەوەی شوێنی نوێ وەك كەشتی چارۆكەدار و ئۆتۆمبیلو ....

٥- هەوڵو كۆششی ڕۆژئاواییەكان بۆ ناوچەكانی تری وشكانی، ئەمەش بەهێزی ئەوان دەردەخات .

٦-فرە ڕەگەزیو فرە زمانی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی .

لەوانەیە چەندین خاڵی تری تێدابێت، بەڵام بۆ خوێنەری جێ دەهێڵم .

ئەوەی بوو بێتە كێشە لێرەدا ئاسانی بەردەســت نەكــەوتنی پــەرتوكی تــری لــەم بابەتەیە بۆ بەراوردكاری واتاكان ، لەلایەكی ترەوە ئاشــنا نــەبوونی خوێنــەران بــەو زمانانەی كە لێرەدا ئاماژەیان پێكراوە وەك زمــانی چــینی و كــۆری و پورتوگــاڵ و ئیسپانی و ڕوسی و ... كە لەهەندێ بەشدا ئاماژەیــان پێكــراوە ، وە هــەوڵمان داوە وەریــان بگێــرین ، ئــەم جــۆرە پەرتوكانــە توانســتی هەڵــەگری و پیاچــونەوەیان وەك پەرتوكی تر ساكار نییە ، چونكە زۆر دەوڵەمەندە بە زمانەكانی تر هەر ئەمــەش وای كرد زیاتر لە چەند جارێك پایچونەوەی بۆ بكەین .

زۆر گرنگە خوێنەر لــە كــاتی بــەكارهێنانی ئــەم پەرتوكــە لــەوە تێبگــات كــە هاوشــێوەی فەرهــەنگ دانــراوە ، واتــە زۆرجــار وەك ڕســتەیەكی تــەواو واتاكــەی نەنوسراوە ، وە پێویستە ئاگاداری ئــەم لایەنــە بێــت . لــە ڕاڤــەكردنی واتــای نــاوی شوێنەكان وشەی (ناوە سەرەكییەكەی)مــان بــەكار بــردووە كــە زیــاتر مەبەســتمان ئەوەیە ناوە (كوردییەكــەی) یــان نــاوە ( گشــتییەكەی ) لــەو زمانــەوە وەرگــیراوە . ســەرەكیترین سەرچــاوەمان تــۆڕی جیهــانی ئینتەرنێتــە كــە لــە ئێســتادا وەك پەرتوكخانەیەكی جیهانی وایە كە بە ئاسانی سەرچــاوەكان دەخانــە بەردەســتت بــە

کـەمترین کـات و زۆرتـرین زانیـاری ، وە گومـان لەوەشـدا نییـە کـە سەرچاوەو زانیارییـــەکانی نـــوێن . گرنگترینیـــان www.wikipedia.org ویکیپیـــدیا ئینسایکلۆپیدیای ئازادە .

نەزمی قادر تەوێڵەیی

هەڵەبجەی شەهید

٢٠١٢ / ١٠ / ١

Scanned with CamScanner

# ڕیـــزبـەنـدی نـــاوەکـــان

# بــە پێــی

# پیتــی کـــــوردی

Scanned with CamScanner

## ئازەربایجان (Azerbaijan)

ناوی نەتەوەی (Azarbaycan)، لە((ئازەربایجان))ی عەرەبییە و بەلاتینی Atropatene، بەئەرمەنی Atrpatakan، کە ناوچەیەك بووە لەماد.

ئێرانییەکان ناوچەی کۆماری ئازەربایجان بەناوەکانی ((اران))، ئەلبانیای قفقاز و ئیبریای قفقاز دەزانی . ئەلبەتە ئیبریا زیاتر بەگورجستان ناوزەن دەکرا و ئازەربایجانی ماد لەناوچەی باشوری ڕوباری ئەرس بوو . لەوانەیە ناوی ((ئەرن)) لەگەڵ ((ئێران)) لەیەك بنچینە بن، ناوی ئازەربایجان بەناوی (ساتراپی([4]) ئێرانی) ئەم ناوچەیە وە هاتووە لە زەمانی هەخامنشیان و سلوکیان (Atropates) بەواتای (پاسەوانی ئاگر) هاتووە لەفارسی نێوەندی، ئەلبەتە هەندێ دەڵێن لە((**ئاذەر**))(ئاگر) + ((بای))(بغ،خودا) + ((گان))(پێگە، شوێن)ەوە، هەمووی بەمانای (جێگای ئاگرییەزیدی)یە. ئەم ناوە تورکە عوسمانیەکانو ڕوسەکان بۆ جیاکردنەوەی ئازەربایجانی ئێران داویانە بەئەران.

## ئەرجەنتین (Argentina)

ناوە سەرەکییەکەی لە فەڕەنسی (Argentine)ەوە وەرگیراوە . لەلاتینی (argentum) بەواتای ((زیو))، ناوێکە بازرگانە پورتوگالیو ئیسپانییەکان بۆ سەرزەمینی ڕوباری (Rio de la plata) (ڕوباری زیو) بەکاریان بردووە. بەواتای (سەرزەمینی زیوو) .

---

[4] - لە زمانی فارسی کۆن لە سەردەمی هەخامەنشیەکان بە کار دەبرا بۆ ناوی پارێزگا . وەرگێر

Scanned with CamScanner

## ئەوروپا ( Aruba )

ناوە سەرەکییەکەی لە ئینگلیزی ( Aruba )ەوە وەرگیراوە . دوو بۆچون بۆ ناولێنانی هەیە. یەکەم لە دۆزەرەوەی ئەسپانیایی ( Alonso de Ojeda ) لەسالّی ١٤٩٩ ز ئەم دورگەیەی ناو ناوە بەناوی Oro Hubo کە بە ئەسپانیایی بەواتای ( لەوێ ئالّتون بوو ) دێت ، دووەمیش کە دەیلێت لەواژەی سورپێستەکانە ( Oibubai ) بەواتای (( ڕێ نیشاندەر )) .

## ئەلبانیا ( Albania )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی ( Albanie )ەوە وەرگیراوە . واژەی ( Alb ) لەزمانەکانی هندو ئەوروپایی( ٥ ) بەواتای (( سپی )) یان (( شاخاوی )) دێت.

ئەلبانیایی : ( Shqipëria ) (( سەرزەمینی گەورە )). ئەو سەرزەمینەی کە لەوانەیە جوانترین شوێن بوبێت .

تورکی : ( Arnavutluk )

## ئەڵمانیا ( Germany )

لەوانەیە ئەم ناوە لەفەڕەنسیەوە وەرگیرابێت ( Allemagne ) ( فەرەنسی )، ( Alemania ) ( ئەسپانیایی )، ( Alemanha ) ( پورتوگالی )، ( Almanya ) ( تورکی ) (( سەر زەوی هەموو مرۆڤەکان )) یان (( هەموو گەلەکەمان )) وە لەوانەیشە لە( Almanni ) گەلی ئەڵمانیا ( ژرمن )ی باشوربێت، هەر بەو واتایانەوە.

لە ئەڵمانیای نوێ پێی دەوترێ ( Alle Männer )

---

٥ - زیاتر زمانەکانی دانیشتوانی کیشوەری ئەوروپا و بانی ئێران و ئاسیای ناوەراست و نیمچەدورگەی هند بم زمانە ناوزەند کراوە . وەڕگێر .

Scanned with CamScanner

• ئەڵمانی: لەلاتینی (Germania) لەسەدەی سێیەمی پێش میلاد، لەگەڵ بنچینەی نەناسراو. فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆچونەکانی ژێرەوەی لەگەڵ ڕەگی سلتی ڕون کردۆتەوە: (gair) ((دراوسێ)) (لەلێکۆڵەر Zeuß) و (gairm) ((هاواری جەنگ)) (لەلێکۆڵەرەوان Wachter و Girmmgar و Partidge) ((ڕم)) و (gar) ((هاوارکردن)) پێشنیار دەکەن بەریتانی و ئیتاڵیەکان و زمانەکانی تر چەمکە لاتینەکەی بەکاردێنن. ئیرلەندا هەر بەو بنچینەوە ناوی لێ دەنێت (Angearmáin).

• (Deutschland) (هۆڵەندی): لەئەڵمانیای دێرینی بەرزو واژەی (diutisc) بەواتای ((لەوخەڵکە)) دێت، (ئەڵمانی)، (Duitsland) (ئەڵمانیایی دێرین thiuda یان theoda ((خەڵکی))، بەراورد بکەن لەگەڵ واژەی ((تودەی))ی فارسی)، بەشێوەیەکی گشتی بەواتای ((سەرزەمینی خەڵکان)).

• (Niemcy) (پۆڵەندا)، Německo (چەکی) Nemecko (سلۆفاکی)، Nemčija (سلۆنیایی)، nemetski НемеЦкИЙ (ڕوسی). ئەڵبەتە ئێستا بەکار نایەت، Németország (مجاری): لەاسلاوی ((گنگ / لان))ەوە ئاماژە بۆ ئەو کەسانەیە کە بەزمانی ئێمە گفتوگۆ ناکەن لەوانەیە لەنەتەوەی ژرمنی Nemetes بێت.

• (Purutia) (تاهیتی): پروس(٦).

• (saklsa) (ئستونبی، فنلەندی): لەناوی نەتەوەی ئەڵمانی سەکسۆن (لەوانەیشە لەئەڵمانی دێرینی بالا sahs، ((چەقۆ)) بێت.

• (Tyskland) (دانیمارکی، نەرویجی، سوئدی)، Þýskaland

---

٦ – ئێستا یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیا . وەرگێر

Scanned with CamScanner

(ئایسلەندی)، tedesco (سیفەتی ئیتاڵیایی): لەئەڵمانیای دێرینە thiuda یان theoda ((خەڵکی)). لەلاتینیش بەئەڵمانیاییەکان دەوترێت Teutones.

- (Vãcija)، (لیتۆنیایی)، Vokietija (لیتۆنیایی).

## ئەنتیگوا و باربۆدا([7]) (Antigau & Barbuda)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. کریستف کۆلۆمب بەبۆنەی ڕێزی کلێسای کۆگای شاری سڤەیل([8]) (Santa María La Antigua) ناوی نا (سنت ماری بەتەمەن). باربۆداش لەزمانی پرتوگالی بەواتای ((ڕیشن))ە، ئەم ناوە لەوەوە هاتووە کە لێرەدا درەختی هەنجیر لەم جەزیرەدا وەك ڕیش دەرکەوتووە (کەوتۆتە بەرچاو)، ئەڵبەتە لەوانەیشە ئاماژە بێت بۆ ڕیشی دانیشتوانی ڕەسەن.

## ئەنتیل هۆڵەند([9]) (Netherlands Antilles لەدەسەلاتی هۆڵەند)

ناوە سەرەکییەکەی لەزمانی فەرەنسی Antill وەرگیراوە. ناوی ئانتیل لەناوی سەرزەمین/ دورگەی ئەفسانەیی ((Antillia)) کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەوروپا، لەدوو واژەی پرتوگال ante/anti و ilha و بەواتای ((دورگە)) وەرگیراوە. (بگەڕێن بۆ هۆڵەندا)

## ئەندۆرا([10]) (Andorra)

ناوە سەرەکییەکەی لەزمانی فەڕەنسی Andorra ەوە وەرگیراوە،

---

٧ - دورگەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای کاریبی. وەرگێر

٨ - لە پەرتوکە عەرەبی و سەرچاوە ئیسلامییەکان بەم شارە دەڵێن اشبیلیە. وەرگێر

٩ - دورگەیەکە لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەوروپا جیابوەتەوە وە سەر بە هۆڵەندایە. وەرگێر

١٠ - ئەندۆرا وڵاتێکی بچوکی سەربەخۆیە لە چیاکانی پیرنە و لە نێوان فەرەنساو ئەسپانیا. وەرگێر

Scanned with CamScanner

لەسەربنچینەی ئەم واژەیە جیاوازی هەیە لـەلاتینی پێشـین، لەوانەیـە لـە ووشـەی باسکی([11]) یان ئیبریـایی بێـت . لەوانەیـە ئـەم نـاوە لـەواژەی عـەرەبی ((ال درە)) بەواتای پڕ درەخت (چڕ) وەرگیرابێت . ئەم ناوە لەبەر هێرشی عەرەبـەکانی مـور بـۆ سەر ئەسپانیەکان کە لەدۆڵ بوون، ناوی ئەندۆرانی پێدرا. هەنـدێکیش دەڵـێن واژەی ئەسپانیاییandar بەواتای ((بەپێ ڕۆشتن)) هاتووە لە خێلی چادرنشین ئەنـدۆرایی Andorrisoe. لەوانەیشـە لـەڕەگی Navarrese واژەی ئەنـدۆرایی بـەواتای ((سەرزەمینی داپۆشـراو لـەتوو (تـووە سـورە)) بێـت . هەنـدێك دەڵـێن لـەناوی ئەفسـانەیی Endor، بـەواتای ((دۆڵـی وەحشـی دۆزەخـی)) کـە Louis le Debonnaire دوای شکانی مورەکان و دەرکردنیان ناوزەن کرا.

## ئەنگۆێیلا (Anguilla) لەژێر دەسەلاتی بەریتانیا

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. ئەو ناوەی کە لەهەندێ لەزمانـە لاتینییـەکان (ئەسـپانیایی anguila، فەرەنسـی anguille، ئیتاڵیـایی anguilla) بـە(eel) نـاونراوە. ناولێنـانێکی نادڵنیـایی هەیـە کـە دۆزەرەوە ئەوروپاییەکان هەروەك کریستف کۆلۆمب لەساڵی ١٤٩٣ لێی ناوە.

## ئەنگۆلا Angola

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Angola وەرگـیراوە . لـە Ngola،ئـەو ناونیشانەی کە بۆ ناولێنانی پاشایەتی Ndongo سـودی لێ وەردەگـیرا، وە نـاوی پرتوگالی (ئەنگۆلای)ی لێنرا بۆ ڕێزلێنانی .

## ئەولەند (Åland) پارێزگایەکی سەربەخۆیە لەفنلاند)

ناوە سـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە بـەواتای (سـەرزەمینی ئـاو)

---

١١ – بەشێکی سەربەخۆیە لە قەد پاڵی چیاکانی پیرنەی ڕۆژئاوا ، لە ئەسپانیا . وەرگێر

Scanned with CamScanner

لەڕیشەی ئەڵمانی ahw-، یان ڕیشەی لاتینی aqua بەمانای ((ئاو)). ناوی فنلاند Ahvenanmaa تاڕادەیەك لەوەرگێڕانی ئەڵمانییە .

## یەکیەتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی ( Soviet Union )

ئەو وولاتانەی کە لەیەکیەتی سۆڤیەت و کۆمارەکان دروست بوو بوون ئەمڕۆ ڕوسیا، ئاسیای نێوەندی قەوقازو ئەوروپای ڕۆژهەلاَت لەخۆدەگرێت و لەگەڵ ڕوسیای ناوەندی (سەنتەری ڕوسیا) ناوە ئەوروپاییەکەی لەووشەی ڕوسی Cobet یا Soviet بە واتای ((شورا)).

## ئەمسا ( Austria )

ناوە کوردییەکەی لە وانەیە لە عەرەبییەوە( نمسا ) وەرگیرابێت . بەراوردی بکەن لەگەڵ ناوی ئەڵمانی Österreich لەئەڵمانی دێرین باکور ôstarrîhhi بەواتای ((پاشای ڕۆژهەلاَت)) دێت . لەسەدەی نۆیەمی زاینی ولاَتێك لەبەشی ڕۆژهەلاَتی ئیمپراتۆریەتی فرانکەکان([12])و هاوسنور لەگەڵ ئیسلاوەکان([13]) دروست بوو بەم ناوەوە . ئەم ناوە لەسەردەمی شارلمان([14]) و سەرەتاکانی نێوەندی بەناوی لاتین marchia orientalis یا (فارسی ڕۆژهەلاَت) دەخوێنرایەوە. ناوە دێرینە ئەڵمانییەکەی لەناوی محلیەکەیەوە ostarrîchi هاتووە.

- عەرەبی ((نمسە)): لەوانەیە لەواژەی اسلاوی nowaday کە بەکاردەبرا بۆ ئەڵمانیاو لەڕێگەی زمانی تورکییەوە هاتۆتە عەرەبی.
- چەکی: Rakousko
- فنلاندی: Itävalta

---

[12] - یەکێکە لە تیرەکانی کونفدراسیۆنی رۆژئاوای ئەڵمانیا . وەرگێر

[13] - یەکێکن لە گروپی نەتەوەیی لە کۆمەڵەی زمانی هندو ئەوروپا ، لە وانەیە ڕۆژهەلاَتی ئەوروپا سەرزەمینی بنچینەیان بێت . وەرگێر

[14] - ئیمپراتۆری فرانك و ڕۆمەکان . وەرگێر

Scanned with CamScanner

## ئەسیوبیا Ethiopia

نــاوە ســـەرەکییەکەی لەفەرەنســـییەوە وەرگـــیراوە Ethiopie. لـــەیۆنانی Æthiopia، AíΘ∏ía، لە Æthiops، AíΘíoΨ، بـەواتای ســوتان (Θια-) ڕوخسار (ŏΨ) . ئەڵبەتە ئەسیوبیاو وولاّتەکـەی خۆیـان نـاودەنێن Ityopp'is وە دەیان ووت (نم کوڕکوش) و نەوەی حام (کوڕی نوح) ە .

- Abyssinia (ناوی پێشین) لەعەرەبییە، لە Ge'ez (زمانی افرو ئاسـیایی) واژەی کە تیرەیەك بوون لەئەسیوبیا.

## ئوردن (ئەردەن) Jordan

ناوە سەرەکییەکەی لەعەرەبیەوە وەرگیراوە. لەناوی ڕوباری ئوردن، ناوە عەرەبی و کەنعانییەکەی[15] لەڕیشـەی yrd بـەواتای ((هـاتووە خـوارەوە)). لـەڕابردوودا ناوچەی (نبتیە)ی لەخۆ دەگرت.

## ئەرمینیا Armenia

کۆنترین ناو بۆی لەزمانە ئێرانییـەکان، لەفارسـی دێـرین ((سـەدەی ٦پ.ز)) Arminaیە، ویۆنانی Armenia (سـەدەی ٥پ.ز) . ئەڵبەتـە لەوانەیـە لـەناوی ئاشوری Armanî/ Armânum وەیان ناوی Minni لە(عەهدی کۆندا([16])) بێـت

ئەڵبەتە ئەرمینیەکان بڕوایان وایە کە ئەرمەن ناوی نەوەی حەزرەتی نوح بێت کە ئەرمەن بوو . یان ئەوەی خەڵکی قەفقاز و گورجیەکان، ئەرمەنیەکان و چیچـانیەکان بڕوایان وایە کە ناوی وولاّتەکەی لەناوی کوڕەکانی نوحەوە هاتووە ، بـەپێی بەڵگـەی

---

١٥ – ناوی کوری حەزرەتی نوح .

١٦ – ناوی کتێبی پیرۆزی یەهودییەکان .

Scanned with CamScanner

بڕوابوونی ئاینی یان، چونکه بەپێی کـاتی دێـرین ئـەم ناوچـەیە شـوێنی وەسـتانی کەشتی نوح بووە .

- ئەرمەنی ( Հայաստան (hayastan لەبنچینەی Hayk. ئەو ناوەی کە ئەرمەنیەکان بڕوایان وایە کە ناوی نەوەی نوح بووە .
- عەرەبی: ئارارات کە لەناوی (( ئورارتۆ )) هاتووە .

## دورگەی ئەوروپا ( Europa Island ) لەژێر دەسەلاتی فەڕەنسا

نـاوە سـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە. نـاوی کەشـتیەکی بەریتانیە Europa کە لەساڵی ١٧٧٤ ئەم دورگەیەی دۆزیەوە .

## ئەریتریا ( Eritrea )

لەوانەیـە نـاوە گشـتییەکەی لـە عەرەبییـەوە وەرگیرابێـت . بەفەرەنسـی ( Eritrée ) . لەناوی لاتینی دەریـای سـور ( Mare Erythraeum )، کـە ئـەو دەریایەش لەناوی یۆنانی دێرین وەرگیراوە (( Erythrea Thalassa )) .

## ئۆزبکستان ( Uzbekistan )

پەیوەسـتە بـەدوو واتـاوە: (( ازبـك )) ( ترکـی: سـەگ )، پاشـگری (( سـتان )) ( فارسی. سەرزەمین ) (( سەرزەمـینی سەگەکان )).

## ئەسپانیا ( Spain )

ناوە سەرەکییەکەی لە ئیسپانیاییەوە (( España )) وەرگیراوە ، ئەو ناوەی کـە فینیقیەکان پێیاندا ( Î-špãnîm ) (( دورگـەی کەروێشـکی چـیایی )). کاتێـك کـە بازرگانە فینیقیەکان گەیشتنە ئەم ناوچەیە کەروێشك گەلێکی زۆریـان بینـی و ئـەم کەروێشکانەیان لەگەڵ کەروێشکە چیاییەکانی ئەفریقیا بەهەڵە گـرت . ڕۆمیـەکان ئەم ناوەیان بەشێوەی Hispania بەکاریان دەبرد .

Scanned with CamScanner

## ئوسترالیا ( Australia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە لەلاتین australis incognita terra (( سەرزەمینی نەناسراوی باشور )) لەسەدەی ١٧و١٨ی زاینی دۆزەرەوە ئەوروپاییەکان هەوڵ و کۆششی خۆیان دەست پێکرد بۆ دۆزینەوەی ئەم سەرزەمینە ( ١٨١٤ــــ١٧٧٤ ) ( Matthew Flinders ) بۆ یەکەمین جار گەیشتە کەناراوەکانی ئوسترالیا ناوی ئوسترالیای لەکتێبی ( A Voyage to Terra Autralis ) ( گەشت بۆسەرزەمینی باشور ) بەهۆی ئاسانی دەربڕین ئەم پێشنیارەی کرد. پێش ئەو دۆزەرەوەی هۆڵەندی ناوی ( Australisch و Hollandia Nova ) ( هۆڵەندی نویێ )ی بۆ بەکار بردبوو.

- Butanibi : ئەوناوەی کە ڕەسەنەکان سودیان لیێ وەر دەگرت .

## ئستونیا ( Estonia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە ( Estonie )وەرگیراوە، لەسەر شێوازی ئستۆنیایی لەناوی ئەڵمانییەوە Estland لەوانەیە بەمانای (( ڕێگای ڕۆژهەڵات ))و لەوانەیشە لەناوی Aestia هاتبێت، کە یەکەمین جار یۆنانییەکان بەکاریان بردووە .

- Chud ( ئسلاوی ڕۆژهەلاتی دێرین ): لەریشەی گوتیك ( خەڵك ) وەك ( Deutschland ) بۆ ئەڵمانیا. لەوانەیشە بەواتای (( خارق العادە )) ( واتە سەرو عادەت ،نائاسایی ، سەرو توانا ) بێت .
- Lgaunija (( لاتوایی )): لەناوی تیەی دێرینی (( Ugaunian )) لەباشوری ڕۆژهەلاتی ئستونی.
- viro فنلەندی: لەناوی تیرەی دێرینی Vironian لەباکوری ئستونی .

Scanned with CamScanner

## ئیسرائیل Israel

ناوە سەرەکییەکەی لەعەرەبیەوە وەرگیراوە . نازناوی حەزرەتی یەعقوبە . بەواتای ((کەسێك کە لەگەڵ خودا ململانێی کرد )). بەپێی کتێبی (عەهدی عتیق ) یەعقوب لەگەڵ فریشتەیەکدا زۆرانبازی کرد و سەرکەوت بەسەریدا پاشان تێگەیشت (زانی ) کە فریشتەی خودابوو، خودا نازناوی ئیسرائیلی پێدا .

## سکۆتلەندا ( Scotland ) ( نیوەی باکوری بەریتانیا )

بەگشتی ناوە ئینگلیزییەکەی بەکاردەبرێت . ((سەرزەمینی سکۆتلەندەکان )) ئینگلیزی دێرین لەScottas، وام لەScotti لەلاتینیەوە وەرگیراوە، بنچینەکەی دیار نییە . دوای دەرکردنی ڕۆمەکان لەبەریتانیا ساڵی ٤٢٣ زاینی، تیرەی ئیرلەندی هێرشیان برد بۆ سکۆتلەنداو لەوێدا نیشتەجێ بوون و ئەو ناوە لەوێوە هاتووە .

- Alba (گەڕۆکی ئیرلەندی و سکۆتلەندی ): لەڕەگی سلتی Albionیە، کە لەبەریتانیا دەژیان لەڕیشەی هندو ئەوروپایی ((سپی )). لەبەردی گەچی (کلسی ) کە کەوتۆتە ئەم ناوچەیە، وە یان ناوی چیاکانی هاوڕیشەیە (هاوڕەگە ) لەگەڵ چیاکانی ئەلپ. هەروەها بگەڕێن بۆ ئەلبانی (ولاتی ئەلبانی و ناوی پێشینی کۆماری ئازەربایجان ).
- Caledonia (لاتین ): لەناوی تیرەی Caledonia. هەروەها Caledonia لەیۆنانیدا بەواتای ((ئاوە باشەکانە )).

## سلۆڤاکیا( Slovakia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەڕەنسییەوە Slovakie وەرگیراوە . لەاسلاوی Slav ڕەگی ئەم ناوە دیار نییە.

Scanned with CamScanner

## سلۆنی ( Slovenia ) سلۆڤینا

ناوە سەرەکییەکەی لەفەڕەنسییەوە Slovénie وەرگیراوە. لەاسلاوی Slav، ڕەگی ئەم ناوە دیار نییە.

## ئەفریقای باشور South Africa

ناوە سەرەکییەکەی بەرامبەرە لەگەڵ ناوی عەرەبی ( أفريقيه ) و ئینگلیزی Africa. لەوانەیە ناوی ئەفریقا لەلاتین یان بۆتانی وەرگیرابێت، بەواتای (سەرزەمینی بێ سەرما (( خۆری )) .

- suid-Afrika (ئافریکانس): (( ئەفریقای باشور ))
- Afric Theas (ئیرلەندی): (( ئەفریقای باشور ))
- Azania (ناوی پێشین): ئەم ناوە کەمینە سپی پێستەکان بەکاریان دەبرد.

ڕەگەکەی دیار نییە، بەلاّم پەیوەندی بەزمانی نیل و بیابانیەوە هەیە،لەوانەیە لەعەرەبی (( عەجەم )) (غەیری عەرەب )و لەوانەیشە لەیۆنانی azainein (وشك کردن)، ئاماژەیە بۆ ووشکی ناوچە.

## ئەفریقای ناوەڕاست Central Africa

بگەڕێن بۆ ئەفریقای باشور - یان بگەڕێنەوە بۆئەفریقای باشور

## ئەفغانستان Afghanistan

ڕەگی ئەفغان - کە هاوتایەلەگەڵ پشتو(١٧) تا ئەندازەیەك نادیارە . هەندێك دەڵێن لەناوی Apakanی فەرمانڕەوای ئێرانیەوە هاتووە لەسەدەی ٨و ٩ی زاینی. ئاماژەیەکی ساسانی هەیەلەسەدەی ٣ی زاینی Abgan کە کۆنترین واژەی ناسراوە

(١) ١٧ — زمانێکی تێکەڵەلەفارسی وهندی وعەرەبی لەئەفغانستان (وەرگێڕ)

بۆ ئەفغانستان، ئەم ئاماژەیە لەسوپای شاپوری یەکەمە لەڕۆڵی ڕۆستەمدا Goundifer Abgan Rismaund لەسەدەی ٦ی ز. ئەستێرەناسی هندی Varahamihira لەکتێبی Brhat Samhita ئاماژە بۆ ئەفغانەکان دەکات بەناوی Avagan لەسەدەی ٧ی زاینی. گەشتیاری چینی Hiuen Tsiang ئاماژە بۆ خەڵکێك دەکات، کە لەباکوری چیاکانی سلێمان نیشتەجێن، وەبەApokien ناویان دەخوێنرێتەوە کە بەئاشکرا ئاماژە بە( Avagon )ەکان یان ئەفغانەکان دەکات. ئەمرۆ ەز ۆرێك لەزاناکان بڕوایان وایە کە ئەم ناوە بەئاشکرایی لەواژەی سەنسکریت ( Ashvaka یان Ashvakan )ە، کە لەتیرەی ( Assakenoi یان Arrian ) بوون، ئەمانە لەشەڕکەرە هیندیەکان بوون.

## ئیکوادۆر( Ecuador )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Ecuadorەوە وەرگیراوە. بەواتای (( هێڵی یەکسان )) دێت لەزمانی ئیسپانیایی، ئەم وولاتە کەوتۆتە هێڵی یەکسانی .

## ئەلجەزایر ( Algeria )

لەعەرەبی ( الجزایر ) بەواتای (( دورگەکان )) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چوار دورگەیەی کە کەوتونەتە قەدپاڵی سەرزەمینی ئەسڵیو شاری الجزایری لەسەر دامەزرا ( دروست کرا ). ئەڵبەتە ئەم ناوە بۆ ناوێکی کۆنتر بەکاربراوە (( دورگەی بنی مزقناء ( مزغناء ))، لەلایەن جوگرافی ناسانی وەك (( ئیدریسی )) و (( یاقوت حمودی )) یش بەکاربراوە.

## ئەلسەلڤادرۆ ( El Salvador )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە، بەواتای (( ڕزگارکەر )) لەئەسپانیایی و ئاماژەی بەهاتنی مەسیح هەیەپێش ڕۆژی هەستانەوە ( ڕۆژی دوایی ) .

Scanned with CamScanner

## ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی ( United Arab Emirates )

(( میرنشینە یەکگرتووە عەرەبەکان ))، لەعەرەبستاندا بگەڕێن بۆ واتای (( عەرەب )).Trucial States, Trucial Oman ( ناوی پێشین لەئینگلیزی ): تاپێش ساڵی ١٩٧١ ئینگلیز لەگەڵ شێخ نشینە عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە، شەڕو دەرگیریان هەبوو. ئەم ناوە (( ولایەتی ئاگربەست )) لەدوای جەنگ درا بەم سەرزەمینە.

## ئەندەنوسیا ( Indonesia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Indonésieوە وەرگیراوە. ناوێکی یۆنانیە کە لەسەدەی ١٩ بەکاربراو بەواتای (( دورگەی هند )) .

- Nederlands Oost-Indie ( هندی ڕۆژهەلاتی هۆلەند ).
- Nam Duong ( ڤیێتنامی ).

## ئینگلیز ( England لەنیوەی باشوری بەریتانیا )

لەوانەیە لەپۆڵەندی یان ئینگلیزی دێرین England بە واتای (( سەرزەمینی ئەنگلەکان )) بێت . لەئیرلەندی و سکۆتلەندی بەواتای (( سەرزەمینە سەکسۆنەکان ))، بۆ نمونە لەئیرلەندی Sasana، سلتەکان ناویان دەنا Pow Saws بەواتای (( وڵاتی سکسۆن )). لەفارسیدا هەندێ جار بەهەڵە ئەم ناوە بۆ هەموو سەرزەمینی بەریتانیا بەکاردەبەن، لەکاتێکدا ئەمەتەنها ناوی سەرزەمینی انگلەندە .

## ئۆرۆگوای ( Uruguay )

ناوە سەرەکییەکەی لە فەرەنسیەوە Uruguay وەرگیرابێت . کە ناوی ڕوباری پاراگوای ( ناوی نەتەوەیی Republica Orientel del Uruguay کۆماری

Scanned with CamScanner

ڕۆژهـــەلاتی پاراگوایـــە ) . لەوانەیــە لـــەواژەی uruguay لـــەزمانی urugua "Guaraní" ( حەلەزون )، "i" ( ئاو ) بەشـێوەیەکی گشـتی (( ڕوبـاری حەلـەزون )) بێت . لەوانەیشەلە"uru" ( جۆرە باڵندەیەکە کە لەکەناری ئـاو ژیـان دەباتەسـەر )، "gua"بە واتای پێشڕەوی لەئاو دێت .

## ئۆکراین ( Ukraine ) ئۆکرانیا

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیـەوە وەرگـیراوە . لـەواژەی اسـلاوی ukraina (وڵات/شوێن ) هاوڕەگە لەگەڵ واژەی krajina .

## ئۆکیتانیا( [١٨] ) ( Occitania ویلایەتێکە لە بۆسنەو هەرزەك )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە . لـەناوی ڕەسـەنی Occitánia لەلاتینی Occitania ( نزیکـەی ١٣٠٠ سـاڵە بـەکار بـراوە ) . (( سـەرزەمینی Òc **زمانەکان** )) .

## ئۆگەندا ( Uganda )

ناوەســــــەرەکییەکەی لەئینگلیزیــــــەوە وەرگــــــیراوە. لەکــــــەناراوی Buganda ،پاشایەکی خانەدان Baganda. ئەم نـاوە ئینگلیزیەلەساڵی ١٨٩٤ دەربڕاوە .

## ( United States of America ( وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

واژەی (( وولایــەتی یــەکگرتوو )) لەدەســتپێکی دەقــی یاســای ئەساســی ئــەم وولاتەوە هاتووە (( ئێمە، نوێنەری وولایەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، لـەم ڕووەوە لەکۆنگرەی گشتی کۆبوینەوە تا.... )) ئەمریکا : گومانی تێدایە کە لەناوی لاتینـی Amerigo Vespucci هاتبێت لەدۆزەرەوەی دەریاوانی ئیتالیەوە کە یەکەم جـار

---

١٨ - ناوچەیەکە دەکەوێتە باشوری ئەوروپا . وەرگێر

Scanned with CamScanner

ناوی ئەمریکای بەکاربرد بۆ ناولێنانی سەرزەمینی بەرازیل لەئەمریکای باشور، ئەلبەتە لەناوی America. هەندێك دەڵێن لەناوی Amerike Richard هاتووە.

## ئیتالیا (Italy)

ناوە سەرەکییەکەی لەئیتالییەوە Italia وەگیراوە . بەلاتینی Italia، ڕەگەکەی لاتینی نییە لەوانەیشە لەڕەگی یۆنانی Italos (گا)، لەهندو ئەوروپایی wet. دانیشتوانە دێرینەکانی Oscan، بەئیتالیا دەڵێن Viteliu کە لەهەمان ڕەگە ((چاوگە)). لەوانەیشە بەهۆی فراوانی ئەم ئاژەڵەوە بێت.

- Friagi/Friaz (روسی دێرین): ئەو ناوەی کە بێزانسیەکان[19] بەفرانکەکانیان دەدا.

- Valland (ئایسلەندا): سەرزەمینی valer (ئەو ناوەی کە ئسکاندناویەکان دەیاندا بە سلتەکان[20] وپاشان بەتیرەی ڕۆمییەکان) .

- Wtochy (پۆڵەندا) و Olaszország (مەجەری): لە گوتیك[21] Walh،هاوڕەگە لەگەڵ Valland.

## ئێران (Iran)

کۆنترین ناوی ئێران لەزمانە ئێرانیەکان Airyanam لەئاوێستاو Ariyānām لەفارسی دێرینە. لەفارسی نێوەندا (Ērān)ە، بەواتای (سەرزەمینی ئارياييەکان واژەی ئاریا کە هیندۆ ئێرانیەکان بۆ ناولێنانی خۆیان

---

١٩ - لە ناوی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری بێزانس . وەرگێر

٢٠ - ناوی زمانێکە لە خێزانی زمانەکانی ئەوروپا . وەرگێر

٢١ - ناوی تیرەیەکی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیان . وەرگێر

بەکاریان دەبرد بەواتای "ئازادە/ بنچینە/ نەجیب") ە .

• Persia (نــاوی پێشــینی نێودەوڵــەتی) لەلاتینــدا لەڕێگــەی یۆنــان ((Persis)) لەفارسی دێریندا (Pārsa) (فارس): یۆنانیە ئەفسانە بلاوەکان دەڵێن بەواتای ((ســەرزەمین)) (Perseus) بــەواتای (پەرساوشــە) ئەڵبەتــە لەچاوگی زانستی پارتدا لەیەك ڕەگن وەبەواتای ((کەناری "ماد")) ە .

• Uajemi (کەناراوی): لەعــەرەبی ((عەجــەم))ە، لەعەرەبیــدا بەکەسێك دەڵێن عەجەم کە ناتوانێ بەئاسانی و وردەوردە بەعەرەبی قسەدەکات. بەشێوەیەکی گشتی جگە لەعەرەبەکان وبەتایبەتی ئێرانیەکان.

## ئێرلەندا (Ireland)

نــاوە ســـــەرەکییەکەی لەفەرەنســـــیەوە Irlande وەرگـــیراوە . لـــەواژەی **ئێرلەندی** Éire لەســەلتی Tweriū ((ســەرزەمینی بــەپیت)) یــان (ســەرزەمینی) Eriu هەندێك بەهەڵە واتای دەکەنەوە (سەرزەمین) Lron (ئاسن) یان ســەرزەمینی ئارياييەکان (کە ایرلەندیدا iar) .

• (Hibernia) لاتین: بەڕواڵەت هاوڕەگــە لەگــەڵ واژەی لاتــین hibernus "زستانی سارد".

• (Eirinn) ســکۆتلەندی، Iwerddon وێلــزی، Ywerdhon لــەزمانی Iwerzhon)، Cornish لــەزمانیBreton هــەمویان لــەزمانی ســلتی و هاوڕەگە لەگەڵ ئێرلەندا .

• لــە دلێرییــەکانی گائلیــك، بــە Banbha (بەچــکەی بــەراز) و Fódhla دەخوێنرێتەوە. لەئەفسانەی گائلیك، Banbha، Ériu و Fódln، ســێ خــاتونن کە پارێزگاری لە ئێرلەندە دەکەن .

Scanned with CamScanner

## ئیرلەندەی باکور Northern Ireland وولاتێکی سەربەخۆیە لەإنگلیز)

بگەڕێنەوە بۆ ئیرلەندا.

## ئایسلەند ( Iceland )

نــاوە ســەرەکییەکەی لەوانەیــە لەفەڕەنســییەوە Islande وەرگیرابێــت. لەئایسلەندی Ísland ((سەرزەمینی سەهۆڵ))یە. لەوانەیە ناوێــك بێــت کــە بــۆی دانرابێت، لەبەر ڕێگری لەنیشتەجێ بــوونی خــەڵکی. لەوانەیــە ئــەم نــاوە دۆزەرەوە Flóki Vilgerðarson لێی نابێت، بەهۆی چیا سەهۆڵینە سەرئاو کــەوتووەکانی باکور لەوەرزی بەهاردا.

## باربادوس( Barbados )

ناوە ســەرەکییەکەی لەوانەیــە لەئینگلیزیــەوە وەرگیرابێــت. نــاونراوە لەلایــەن دۆزەرەوەی پرتوگالی Pedro A.campos بــەناوی Os Barbados ((کەســە ڕیشدارەکان)) لەساڵی ١٥٣٦.

## دورگــەی پــالمیرا ( Palmyra Atoll ) لــەژێر دەســەڵاتی ولایەتــە یەکگرتووەکان

ناوەسەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە هاتووە. لەناوی بەلەم Palmyra پەیوەستە بەدەریاوان Sawle لەساڵی ١٨٠٢ دۆزیویەتەوە.

## باهاما ( Bahamas )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزیەوە وەرگیرابێت. لەئەســپانیای Baja Mar((لەدەریای خــوارەوە "قــوڵی کــەم")) ئــەم نــاوە بــەهۆی قــوڵی دەریاکـانی دەوروبەریەوە پێی دراوە.

## بحرين (Bahrain)

لەعەرەبی ((البحرين)) بەواتای (( دوو دەريـا )) . چـونكە كەوتۆتـە نێـوان دوو كەنداوی بچوكەوە . هەندێك دەڵێن بەهۆی بوونييەتی لەنێوان ئێـران و عـەرەبـەكان، هەروەها هەنديك دەڵـێن دەرياييەكـەم مەبەسـت كەنـداوی عـەرەبييـەو ئـەوی دی جێگيرە لەناوە فراوانەكانی بەهار، لەخودی دورگەكە.

## بەڕازيل (Brazil)

ناوە سەرەكييەكەی لەفەرەنسيەوە Brésil **وەرگـيراوە،** لـەناوی داری بـەرازيل، دارێكی ڕەنگ سورە كە لەپورتوگال پێـی دەڵـێن brasil . لـەزمانی Tupiپێسـت سـور (سورپێسـت) بـە ibirapitanga دەخوێنرێتـەوە، بـەواتای (داری سـور) . هەنـدێك دەڵـێن لـەناوی ئەفسـانەی ئيرلەنديـە Hy-Brazil كـە دورگەيـەكی خەياڵيە.ئەم ئەفسانەيە لەسەدەی ١٥ زۆر بوو، تاگەيشتە ئـەوەی كـە هەنـدێك بـۆ دۆزينـەوەی هـەوڵێكی زۆريانـدا. ئەڵبەتـە بـەرازيليش لەسـاڵی ١٥٠٠ز لەلايـەن Pedro Álvares Cabral دۆزرايەوە .

## بەرمۆدا (Bermuda لەژێر دەسەڵاتی ئينگليز)

ناوە سەرەكييەكەی لەئينگليزيەوە وەرگيراوە. لـەناوی كەشـتی وانـی ئەسـپانيايی Juan de Bermúdez كە ئەم دورگەی لەساڵی ١٥٠٣دا دۆزيەوە (پەيدای كرد).

## دوورگەی بووت[٢٢] (Bouvet Island لەژێر دەسەلاتی نەرويج)

ناوە سەرەكييەكەی لەئينگليزيەوە وەرگيراوە. لەناوی دۆزەرەوەی فەرەنسـی -Jean Baptiste Charles Bouvet de Lozier كە ئەم دورگەيەی لەساڵی ١٧٩٣ دۆزييەوە .

---

[٢٢] - دورگەيەكی گركانی بێ دانيشتوانە ، دەكەوێتە خوارەوەی خولگەی جەمسەری باشـور ،وە بە دورترين خاڵی زەوی دادەنرێت . وەرگێر

Scanned with CamScanner

## برۆنی ( Brunei )

نــاوه ســەرەکییەکەی لەوانەیــە لەئینگلیزیــەوە وەرگیرابێــت . نــاوی تــەواوی Negara Brunei Darussalam. دارالســـلام( [٢٣] ) بـــەواتای ( کۆشـــکی نیشـــتەجێ )، Negara بـەواتای ( ویلایـەت ) لـەزمانی مـالایی ( لەسانسـکریت Nagara "شار" ) .

## بەریتانیا ( Britain )

نــاوه ســەرەکییەکەی لەوانەیــە لــەلاتینی Britanniaەوە وەرگیرابێــت . لــە Pretani (( ڕەنگ کــراو )) ( وێلــزی Prydain، لــەلاتین Britannia، لەوانەیــە لەڕێگــەی فەرەنســیەوەیە ): نــاوی پێشــینی دورگــەی بــەریتانیا Albion بــووه . ئێستاش سکۆتلەندیەکان سەرزەمینی خۆیان ناودەنێن Alba . ئەم ناوەش گشــتییە لە ڕەگی ( Brutus )ە .

## بەلجیك( Belgium )

ناوه سەرەکییەکەی لەوانەیە لەفەرەنسیەوە Belgique وەرگیرابێــت . لــەناوی هۆزی سلتی( [٢٤] ) Belgae . ئەم ناوه لەوانەیە لەواژەی هنــدو ئــەوروپی bolg بێــت بەواتای (( کیسە/ منداڵدان )) و ڕونکەرەوەی دەماری گشتی . بۆچونێکی تر ئامــاژه دەکــات کــە نــاوی Belgae، لەوانەیــە لــەواژەی پــێش ــ ســلتی belo بــەواتای (( درەوشاوە )) بێت ( انگلیزی bale، ئــەنگلۆ سەکســۆن bael، لیتــۆنی baltas، اسلاوی belo "سپی/ درەوشاوە" ).

---

٢٣ – بەواتای شاری ڕێکەوتن . هەروەها ناوی گەورەترین شاری تەنزانیایە . وەرگێڕ

٢٤ – ناوی تیرەیەکی هندو ئەوروپی شەرکەرە کە لە ناوەراستی ئەوروپا دەژیان . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## بولگاریا ( Bulgaria )

لەوانەیە ناوە سەرەکییەکەی لەتورکیای عوسمانیەوە وەرگیرابێت . سەرزەمینی گەلی بولگار .لەوانەیە لەئەڵمانی burg بەواتای ((پەناگا)) بێت . لەوانەیە لەburgarii یان bourgarioi بەواتای ((ئەو کەسانەی کەپاریزگاری لەپناگاە دەکەن)) . یەکەم جار لەیۆنان لەساڵی ٢٠٢ زاینی ناوی لێ نرا . هەندێك دەڵێن لەڕەگی تورکی Bulgha بەواتای ((سمۆرە)) بەهەندێك بەراوردی دەکەن لەگەڵ ناوی ڕوباری ڤۆلگادری([٢٥]) ڕوسیە، چونکە بلگارەکان لەپێش کۆچ کردنیان بالگان([٢٦])، لەدەوروبەری ڕوباری ولگا دەژیان .

## بلیز ( Belize )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە ، بەپێی گێرانەوەیەك لەدەربڕینی ئیسپانیایی Wallace، دزی دەریایی کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٣٨ لەبلیز نیشتەجێ بوو . هەندێکیش دەڵێن لەواژەی مایایی belix بەواتای "ئاوی لێڵ"، کە ئاماژەیە بۆ ڕوباری بلیزە .

- هندۆراسی بەریتانیا (ناوی پێشین) .

## بەنگلادش ( Bangladesh )

ناوە گشتییەکەی لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەبنگالی/ سنسکریت Bangla ئاماژەیە بۆ زمانە بنگالییەکان، و Desh بەواتای "وولات" لەهەموو ((وولاتە بنگالییەکان)) کاتی کە لکابوو (پەیوەست بوو) بەهندەوە، بەناوەکانی Assam،

---

٢٥ - ڤۆلگا : ناوی روبارێکە لە رۆژئاوای روسیا . **وەرگێڕ**

٢٦ - نیمچەدورگەیەکە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا ، نزیکەی یانزە وڵات لە خۆی دەگرێت . وەرگێڕ

Sikkim ،Tripura ،Jharkand وبنگالی ڕۆژئاوا دەخوێنرایەوە .

- پاکستانی ڕۆژهەلاّت ( ناوی پێشین )

## بەنین ( Benin )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە، ناوی ئیمپراتۆری ئەفریقایی کە لەبەنین بوو .

- داهۆمی ( Dahomey، ناوی پێشین ): ناوی کۆمەلّە نەژادێك لەبەنین .

## بۆتان ( Bhutan )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە، نەژادی تبتی Bhotia کە لەسەدەی ١٠ زاینی لەتبتەوە کۆچیان کرد بۆ بۆتان . Bod ناوی دێرینی تبتە .

- بۆتانی Druk Yul بەواتای ( سەرزەمینی دەنگەدەنگ ) یان ( سەرزەمینی ئەژدیهاکان )، لەو هەورە بروسکە توندانەی کە لەلای هیمالایاوە دێت.

## بۆتسوانا ( Botswana )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلزیەوە وەرگیراوە . لەناوی گەلی گەورە Tswana.

- بچوانالاند ( Bechuanaland ناوی پێشین ): لە Bechuana، شێوازێکی تری دەربڕینە لە بۆتسوانا .

## بورکینافاسۆ ( Burkina Faso )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Burkina Faso وەرگیراوە، لەزمانی بنچینەیی بەواتای (( سەرزەمینی خەلّکە چاکە کارەکان )) یان (( سەرزەمینی فەساد قبولّ نەکەرەکان )). پرزیدنت Thomas Sankara لە کودەتایەك لەسالّی ١٩٨٣ هێزی بەدەست هێناو لەسالّی ١٩٨٤ ناوەکەی گۆڕی لە(( ڤۆلّتای بەرز )).

Scanned with CamScanner

ئەم ناوە لەدوو بەش و لەدوو زمان لەم ولاتەدا هاتووە Burkina و Faso .

- ڤۆلتای بەرز ( Upper Volta ناوی پێشین ) . ڤۆلتای دوو ڕووبار کەلەم ولاتەدا ڕێدەکەن ( دەڕۆن ) .

## بوروندی ( Burundi )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوەیە.لەناوی ناوچەیەك بەواتای (( سەزەمینی Kirundi زمانەکان )) .

## بۆسنەو هەرزەك ( Bosnia & Herzegovina )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسیەوە Bosnie Herzégovina وەرگیراوە . ئەم ولاتە لەدوو ناوچەپێکهاتووە : ناوچەی گەورەی باکور، ئەو بۆسنەی کە ناوەکەی لەڕووباری Bosnaەوە وەرگرتووە . ناوچەی بچوکی باشور، هەرزەك ناوەکەی لەناونیشانی ڕەسەنایەتی ئەلمانیا Herzog وەرگیراوە بەواتای "ئەمیر". ئەم ناوچەیە لەسالّی ١٤٤٨ کەوتە ژێر دەسەلاتی حکومەتی فدریکی چوارەم، ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم .

## بۆلیڤیا ( Bolivia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Bolivie وەرگیراوە، وەرگیراوە لەناوی ١٧٨٣ ـ ١٨٣٠ ( Simón Bolívar )، بەشێکی ئازادی ئەمریکای لاتینە لەژێر دەسەلاتی ئەسپانیاو یەکەمین ڕەئیس کۆماری بۆلیڤۆی دوای ئازادییەکەی لەسالّی ١٨٢٥ ناوی ئەم کەسە لەناوی لادێی La Puebla de Bolibarەو هاتوو لەبێسکای ئیسپانیا (لەوانە bolu "ئاش" +ibar "ڕووبار" ) .

## دورگەی بکیر ( Baker Island لەژێر دەسەلاتی ولایەتییەکگرتوو )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە. ناونراوە لەلایەن Michael

Scanned with CamScanner

Baker ماساچوست، ئەو کەسەی ئەم دورگەیەی لەساڵی ١٨٣٢دا دۆزیەوە .

## پاپوا گینەی نوێ ( Papua New Guinea )

ناوە سەرەکییەکەی لە فەرەنسیەوە وەرگیراوە Papua Nouvelle Guinée . پاپوا لەواژەی مالاییە papuah، کە ئاماژەی بۆ ( موی لول )ی مەلانزییەکان( [٢٧] ) . گینای نوێ دۆزەرەوەی ئیسپانیایی Íñigo Ortiz de Retes لێـی نـا ، چـونکە مرۆڤەکانی لەشێوەی مرۆڤەکانی گینیان لەئەفریقا . بگەڕێن بۆگینیا .

## فـەرمان ڕەوای یـەکگرتوی بـەریتانیای گـەورەو ئیرلەنـدای بـاکور ( United Kingdom )

The United Kingdom of Britain and Northern Ireland

Great لەبنەڕەتدا ساڵی ١٨٠١ ناو دەبرا بەناوی (( پاشای یـەکگرتوی بـەریتانیای گەورەو ئیرلەندا )) کە ئاماژەی هـەبوو بـۆ فـەرمانڕەوا یـەکگرتووەکانی بـەریتانیاو ئیرلەندا ، بەڵام دوای ئـازادی ئیرلەنـدا لەسـاڵی١٩٢٧ ،ئـەم نـاوە سـەپێنرا بەسـەر ئیرلەندای باکور ( نـاوی لێ نـرا ). ئەڵبەتـە ئـەم نـاوە بـاو نییـە و زۆرتـر ناوەکـانی (( ئینگلیز )) یان (( بەریتانیا )) بەکاردەبرێت .

## پاراگوای ( Paraguay )

نـاوە سـەرەکییەکەی لەوانەیـە لەفەرەنسـییەوە Paraguay وەرگیرابێـت. ڕەگەکەی دیار نییە ( ڕون نییە ). ئەڵبەتە لەوانەیە لەناوی ڕوباری پاراگواییەوە بێـت. لەوانەیە بەواتای "ئاو Payagua ( گەلی ڕەسەن )" هەندێك دەڵێن لەزمانی -Tupi Guarani ولە para ( ڕوبار )و guai ( تاج ) (( ڕوباری تاجدار )) .

---

[٢٧] - ناوی هەرێمێکە لە کەناری رۆژئاوای زەریای ئارام بەشی ڕۆژهەڵات باکوری رۆژهەڵاتی ئوسترالیا دریژ دەبێتەوە .

Scanned with CamScanner

## پاكستان ( Pakistan )

ناسیۆنالیست (( چوزری رەحمەت علی )) لەساڵی ١٩٩٣ لەکتێبی (( ئێستا یان هیچکات )) ئەم ناوەی لە پ( پەنجاب( [٢٨] )) ا( افغانیا ) ك( كشمیر ) س( سند )+ستان دروست کرد . دوای رەحمت علی لەساڵی ١٩٤٧ لەکتێبی (( پاکستان، نیشتمانی گەلی پاك )) بەم شێوەیە ڕونی کردەوە : p( پنجاب ) a( افغانیا ) k( كشمیر ) i( ئێران ) s( سند ) t( تخارستان. لەئاسیای ناوەڕاست ) a( أفغانستان ) n( بلوچستان ). واژەی فارسی (( پاك )) دوای ڕونکردنەوەی ئەم ناوە، لەواتای (( سەرزەمینی پاکەکان )) سود وەرگیرا . ئینگلیزییەکان ناوی پاکستانیان بۆ ناولێنانی ئەم ناوچەیە کرد بەرەسمی .

## پالائو ( Palau )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوەیە، واتاکەی ڕوون نییە .

- Belau یان Belaw ( ناوی ناوچەیی ) .
- Pelew ناوێکی تر: کەشتیوانی ئینگلیزی Henry Wilson، ئەم ناوەی بەم شێوەیە دەبرِی .

## پەنەما ( Panama )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزیەوە وەرگیرا بێت . ناوی لادییەك کە لەڕابردودا کەوتبویە شوێنی شاری پەنەما . لەزمانی پێست سورەکان ( هیندیە سورەکان ) Cueva و بەواتای ( جێگای فراوانی ماسی ) ، لەوانەیە لەزمانی Caribe بەواتای ( فراوانی پەپولە ) بێت .

---

[٢٨] – لە فارسیدا بە واتای پێنج ئاو دێت ، هەروەها ویلایەتێکە لە پاکستان ، پارێزگایەکە لە هندستان . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## پورتوگال ( Portugal )

نــاوه ســـەرەکییەکەی لەوانەیـــە لەپرتوگالییـــەوە Portugal بێــت. لــەلاتینی ناوەڕاست Portucale، لەلاتینی portus ((بەندەر ))و Cale (بەندەری کالە). ڕەگی cale نادیارە. لەوانەیە لەگەلی گائلیــك بێــت کــە لــەباکوری رووبــاری دورو دەژیان .

- Lusitania نــاوی دێــرین وئــەدەبی :لــەناوی لویســـتانییەکان، لەســلتی tanus،lus،بەواتای (گەلlusus ).

## پۆرتۆریکۆ ( Puerto Rico بەرژەوەندی هاوبــەش لەگــەڵ ولایەتــە یەکگرتووەکان )

لەوانەیــە نــاوە گشــتییەکەی لــە فەرەنســیەوە Puerto Rico. وەرگیرابــێ (کریســـتف کۆلۆمـــب ) ئــەو دوورگەیــەی ناونــا بــە San Juan Bautista . ئەسپانیایەکان پایتەختەکەیان ناونــا بــە Puerto Rico. (بەنــدەری دەوڵەمەنــد ) بەپێی بەڵگەیەکی نادیار ئەم دوو ناوەیان گۆڕی لەساڵی ١٥٢٠ .

## پیرو ( Peru )

لەوانەیە ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزیەوە وەرگیرابێت . ڕەگەکەی دیــار نییــە. زۆربەی لێکۆڵەرەوان دەڵێن لەواژەی ڕەسەنی biru (ڕوبــار )ە . هەنــدێکیش دەڵــێن لەناوی سەرداری ( Beru )ە ، دۆزەرەوەی ئەسپانیایە . لەوانەیشە لــەناوی نەتــەوەی دێرینی ئەم ناوچەیە pelu بێت .

Scanned with CamScanner

## پۆلینسیای فەرەنسا ( French Polynesia لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

لەوانەیە ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Polynésie وەرگیرابێت. لەیۆنانی Poly nēsos (( دورگە زۆرەکان )) .

## دورگەی پیتکرن( [29] ) ( Pitcairn Islands لەژێر دەسەلاتی ئینگلیز )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە . ناوی ئەو مەلەوانەی کە یەکەمین جار ئەم دورگانەی بینی .لەتاقمی کەشتی وانەکان بوو Philip Carteret لەساڵی ١٧٦٧ ز ، وە کرترت بۆشانازی پێکردنی ئەم دورگەیەی بەناویەوە ناونا .

## تاجیکستان ( Tajikistan )

(( سەرزەمینی تاجیکەکان )). لەفارسیدا (( تاجیك )) ( تاجدار ،پاشا ) بەواتای (( وولاتە سەربەستەکان )). ئەم وولاتە ماوەیەك بەشێك بوو لەئێران، وە ناوەکەیشی لەگەڵ واژەی ئێران هاو واتان . ناوی تاجیکستان لەساڵی ١٩٤٧ی زاینی بۆکۆماری ئەنجومەنی تاجیکەکان ( پارسی زمانەکانی ئاسیای ناوەندی ) دروستکرا. سەرزەمینی تاجیکەکان لەکاتە دێرینەکاندا ناوی توران بوو، وەپێشیان دەوتن (دەیان خوێندنەوە ) بەهوراز ڕوبار و بەرزە ڕوبار و ئەودیوی ڕوبار.

## تەنزاینا ( Tanzania )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە .لەپێکهاتەی دوو ناوی تانگانیکا( [30] ) (سەرزەمینی بنەڕەتی )و زنگبار( [31] ) ( دورگەی بەرانبەری تانگانیکا ). تانگانیکا

---

٢٩ - ناوی دورگەیەکە لە کۆمەڵە دورگە گرکانییەکان لە باشوری زەریای ئارام . وەرگێڕ

٣٠ - ناوی سەرزەمینێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا . وەرگێڕ

٣١ - ناوی دورگەیەکی گرنگ و پایتەختی وڵاتی فیدراڵی زنگبارە . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

ناوی دەریاچەیەکە لەم سەرزەمینەو دەربڕینی پرتوگالی لەناوی ڕەسەنی tou tanganyka ((پێکەوەبوون)) (پەیوەندی کردن)، ئەوجێگەیەی کە ئاوەکان دەگەن بەیەك. ئەڵبەتە Henry Stanley دۆزەرەوەی پرتوگالی لەساڵی ١٨٧١ ئەم سەرزەمینەی دۆزییەوەو لەوانەیە ناوی لەTonga (دورگە)و hika (پانوپۆڕ) نابێ. زنگبار ((بەندی زنجیەکان (ڕەشەکان) )).

## تایلەند (Thailand)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەتایی thai (نەتەوەیی ناوچەیی) "ئازاد". ((سەرزەمینی ئازادەکان)) .

- (Siam) (سیام([32])، ناوی پێشوو): تایلەندییەکان لەکاتی Sukhothai، ولاتەکەی خۆیان بەم ناوەوە دەخوێندەوە. لەوانەیە لەزمانی پالی Suvarnabhuma ((سەرزەمینی ئاڵتون)) بێت ، لەوانەیە لەواژەی پالی sama بەواتای ((قاوەیی، زەرد ، سەوز یان ڕەش)) .

## تایوان (Taiwan)

لەچینی " کەنداوی پلەکانی (واتە تەلاّن تەلاّن)" (تەلاّنی چاندنی برنج لەدامێنی چیا ). ئەڵبەتە نوسینە کۆنەکەی (台員) واتایەکی تەواو جیاوازی هەیە (دەگەیەنێت) . پورتوگالییەکان ناوی گەلی ڕەسەنی Tayouan یان Teyowan یا لێ ناوەو بازرگانە چینیەکان گۆڕییان بەم ناوە . Formosa (فرمز، ناوی پێشین): لەپورتوگالیدا ((جوان)) ئاماژەیە بۆجوانی دورگە .

## تورکەمەنستان (Turkmenistan)

((سەرزەمینی تورکەکان)) . بۆ واتای واژەی ((تورك)) بگەڕێن بۆ تورکیا.

---

[32] – ناوی پێشووی وڵاتی تایلەند بووە . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## تورکیا ( Turkey )

لـــەتورکی Türkiye (( ســــەرزەمینی تورکـــەکان )) . تورکـــەکان لەگـــەلی ئالتایین([33]) ولەوانەیە بەواتای (( بەهێز/ توانا )) بێت. پاشگری "ئیــە" لەعەرەبیــدا واتای ( وابەستە ) دەدات .

• ڕۆم ( کــوردی ): لــە(( شانشــینی ڕۆم ))، ئێرانییــەکان کــاتێ کــە لەگــەڵ ڕۆمیەکاندا ڕوبەڕوبونەوە پێیان دەوتن Hrômayig (ڕۆمی ) وبــەڕۆمی یــان دەوت Hrôm .

## دوورگەی ترۆمیلن ( Tromelin Island لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

ناوەسەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. لەناوی Chevalier de Tormelin، فەرماندەی رزمناوی فەرەنسی ئەم دورگەیەی لەساڵی ١٧٧٦دا دۆزییەوە.

## ترینیداد و تۆباگو ( Trinidad and Tobago )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییــەوە وەرگــیراوە. کریســتف کۆڵۆمــب لەســاڵی ١٤٩٨ ز ترنیداد ( سیانەی پیرۆز ) (( باوك، کوڕ، گیانی پیرۆز ))ی دۆزییەوە . تۆبــاگو لەوانەیە لەناوی گەلی ( tobacco )ەوە بێت. کۆڵۆمب ناوی نا Bella Forma.

• ( Kairi یان Iere لەناوی دێرینــی زمــانی Amerindian بــۆ ترینیــداد ): بەبۆچونێکی تەواو بەهێز بەواتای (( سەرزەمینی مریشکی مێشــخۆر ))ە. هەنــدێك دەڵێن بەواتای (( دورگەیە )).

---

٣٣ - بە خێزانێك لە زمانەکان دادەنرێت ، کە تورکی و مەغۆلی و تونگوزی دەگریتەوە .

Scanned with CamScanner

**دورگــەکانی تــورکس وکــایکۆس ( Turks and Caicos Islands لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز )**

( Turks ) نــاوە ســـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـــەوە وەرگــیراوە. لێکچــواندنی کاکتوسەکان بەواتای کڵاوی مەنگۆلەی داری تورکەکان دێــت و Caicos لــەزمانی ڕەسەنی لوکایان caya hico (( زنجیرە دورگەکان )) دەوترێت .

**تۆکلاو ( Tokelau لەژێر دەسەڵاتی زلاندنو )**

نــاوە ســـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـــەوە وەرگــیراوە. لــەتوکلاوی (( بــاکور ))یــان (( باکوری ))، دورگەیەکە لەباکوری ساموئا. تۆکلاوییەکان لەساموئا گەشتیان کــرد بۆئەم دورگانە.

**تۆگۆ ( Togo )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە . لــەزمانی Ewe،بــەواتای "ئــاو" یــان "کەناراو" .

- توگولندی فەرەنسی ( ناوی پێشین )

**تونس ( Tunisia )**

لەوانەیە ناوە سەرەکییەکەی لەعەرەبییەوە بێت. لەناوی شاری تونس. لەوانەیــە لەزمانی بەربەری (( لوتکەی بچوک )).

**تۆنگا ( Tonga )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. بەتۆنکایی (( باشور )) یان (( باشوری ))، چونکە ئەم دورگەیە لەژێر ساموایە.

- ( Friendly Islands ). ناوی پێشین: (( دورگــە هاوڕێییــەکان ))، کەشــتی

Scanned with CamScanner

وان جیمزکوك لە ساڵی ١٧٧٣ ز دوای پەیمانی هاورێیەتی لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکان ئەم ناوەی لێ نا .

## توڤالو ( Tuvalu )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە یە. ناوە ڕەسەنەکەی بەواتای (( هەشت دورگە )) یان (( هەشت بنکەی لەگەڵ یەکتر ))، (تووالو نۆد ورگەی هەیە، بەلاّم هەشتیان نیشتەجێین ) .

- ( Niulakita ) ناوی پێشوو: یەکەمین دورگەیەك کە لەساڵی ١٩٤٩ لەتووالۆ دۆزرایەوە.
- ( Ellice Islands ) دورگەکانی الیس، ناوی دێرین: لەناوی ئیدوارد الیس ئەو بازرگان و سیاسەتمەدارانەی کە لەگەڵ دۆزەرەوەکان هاتن بۆ ئەم دورگانە.

## تەیموری ڕۆژهەلاّت ( East Timor )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. لە مالایی timur بەواتای (( ڕۆژهەلاّت )) . ناوی بۆمی Timor Lorosae پرتوگالی Timor-Leste بەواتای تیموری ڕۆژهەلاّت .

- تەیموری پرتوگال (ناوی پێشین ) .

## جامایکا ( Jamaica )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەزمانی هندییە سورەکان Taíno/Arawak، لەواژەی Xaymaca یان Hamaica (( سەرزەمینی دارو ناو )) (( سەرزەمینی کانیەکان )).

Scanned with CamScanner

## دوورگەی جانستۆن ( Johnston Atoll لەژێردەسەلاتی ولایەتە یەکگرتووەکان )

ناوەسەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەوەرگیراوە. لەناوی دەریاوانی Charles J. Johnston، ئەفسەری فەرمانـدەی کەشتی Cornwallis، کە لەسالّی ۱۸۰۷دۆزییەوە.

## جەبەل تارق ( Gibraltar لەژێر دەسەلاتی ئینگلیز )

لەعەرەبی (( چیاکانی تارق، لەناوی تاریقی کوڕی زیاد ))، فەرماندەی موسڵمان کە لەسالّی ۷۱ کۆچی هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی ئەسپانیایدا .

## دوورگەکانی جۆرجیای باشورو ساندویچ ی باشور ( South Georgia & the South Sandwich Islands لەژێردەسەلاتی ئینگلیز )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەسالّی ۱۷۷٥ ز جیمز کوك ئەم دورگانەی دۆزییەوە و بۆشانازی پێکردنی جۆرجی سێیەم پاشای ئینگلیزو جان مۆنتاگۆ (ئەو کەسەی کە لەخەرجی سەفەرەکان یارمەتی کوکی زۆردەدا )و چوارەمین ئەرکی ناوچەی ساندویچ، ئەم ناوەی لێ نا .

## دورگەی جرسی ( Jersey لەژێردەسەلاتی ئینگلیز )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە . پاشگری نەرویجی بەواتای (( دورگە )) دێت. لە jarth (ئەسکاندنی : زەوی) یان jarl (ئەرك) یان لەناوی کەسێکە Geirr (( دورگە Geirr )) .

## دورگەی جاریوس ( Jarvis Island لەژێر دەسەلاتی ولایەتی یەکگرتوو )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی Thomas ،

Scanned with CamScanner

Edward و William كه خزمی خانەدانی Jarvis بوو و لەزەوی دارەكان بـوون و ئەم دورگەیەی دۆزییەوە .

## جیبۆتی ( Djibouti )

ناوە سەرەكییەكەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە . لـەناوی كەنـداوی جیبـۆتی . لەوانەیە لەزمانی gabouti (( Afar )) بە واتای حەسیری دوراو لەدەزووی خورمـا بێت . هەندێك دەڵێن بەواتای (( سەرزەمین Tehuti )) خوای مصری مانگ .

- سۆماڵی فەرەنسی ( ناوی پێشین )

## چاد ( Chad )

نـاوە سـەرەكییەكەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە . لەفەرەنسـیدا بـە République du Tchad ناو دەبرێت. لەناوی دەریاچەی چـاد لەباشـوری ئـەم وولاّتە. دە ریاچە لەزمانی tsade پێی دەوترێ Bornu.

## چیچان ( Chechnya )

لەڕوسیدا Chechen، لەوانەیە لەناوی لادێی chechana یان Chechen-aul بێت. لادێیەك لەنزیك ڕوباری ئارگۆن. هەندێك دەڵێن لـە chechenit' sya. ناوەی ڕەسەنەكەی لە Noxç یە. لە nexça (پەنیری مەڕ) یان nox (گا ئاسن) یان Nox ( حەزرەتی نوح لەزمانی چیچانی ) .

## چك ( Czeoh Republic )

ناوە سـەرەكییەكەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە. لـە( Čechové Češi واتـە چكەكان )،ناوی گەلی اسلاوی كە نزیكەی ٩٠٠ زاینی لەم سـەرزەمینەدا نیشـتەجێ بوون. واتاكەی نادیارە. بنیر ناوێكی ئەفسانەیی ڕابەرەكەیانە Čech،ئـەو كەسـەی كە هێنانی بۆ Bohemia. زۆربەی لێكۆڵـەرەوان دەڵـێن نـاوی Čech لـە Četa

Scanned with CamScanner

(دۆڵی سیستم) وەرگیراوە.

Bohemia (ناوی لاتینی سەزەمینی چك): لەناوی گەلی سلتی Boii .

**چكسلۆڤاكیا** (Czechoslovakia)

بگەڕێن بۆ چك و سلۆڤاكیا .

**چین** (China)

لەناوی خانەدانی Qin/Ch'in ولەوانەیەلەشێوەی (سنسكریت)ە كەی بێت .

چینی Zhang Gou ((وولاَتی ناوەندی)).

- ئینگلیـــزی دێـــرین Cathay، تـــوركی Xytai وڕوســـی Kitai (китай) لەناوەی (ختن)([٣٤]) .

**داغستان** (Dagestan)

بـــەواتای ((ســـەرزەمینی كوێســـتانەكان)). لـــەواژەی تـــوركی dağ بـــەواتای ((چیا)).

**دانیمارك** (Danmark)

ناوە سەرەكییەكەی لەفەرەنسییەوە Danekark وەرگیراوە . لـــەناوی ڕەســـەنی Danmark بەواتای ((هێڵی سنوری دانەكان))، ئـــەم گەلـــە لەڕابردویـــەكی دووردا لەم سەرزەمینەدا دەژیان. واتای گەلی دان نادیارە، لەوانەیـــە لـــەواژەی پـــێش هنـــدو ئەوروپایی dhen ((خوارەوە)) یان((ڕوی دەشتیَ)). لەوانەیـــە ئامـــاژەی بۆدەشـــتی دانیمارك هەبێت .

---

[٣٤] – ناوی شارێكە لە چین . وەرگێڕ

**دۆمنیکا** ( Dominica )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزییەوە وەرگیرا بێت . لەلاتین " Dies Dominca " بەواتای "یەك شەممە" : ئەو ڕۆژەی کە کریستف کۆلۆمب لەم دورگەیەدا دابەزی .

**دۆمنیکن** ( Dominican Republic )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لە Santo Domingo، پایتەختەکەی ولەناوی ئەسپانیایی Domingo de Guzman بنکە دانەری دەستە ( کۆمەڵە )ی دومنیکن .

**رئۆنیۆن**( [35] ) ( Réunion **لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسا** )

ناوە سەرەکییەکەی **لەفەرەنسییەوە** Réunion وەرگیراوە. بەواتای ((یەکگرتنەوەی دوو ڕوبارە ))، چونکە لەسالّی ۱۷۹۲/۳ دووبارە پەیوەست کرایەوە بە فەرەنسا .

**روئاندا** ( [36] )( Rwanda )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی خەڵکی Vanyaruanda، رەگی ئەم واژە نادیارە . لەوانەیە بەواتای ((سەرزەمینی هەزار گرد )) ( Pays des milles collines ) بێت .

---

۳۵ - دورگەیەکە لە باشوری رۆژئاوای زەریای هند . وەرگێڕ

۳٦ - ولّاتێکی بچوکە لە ئەفریقای ناوەڕاست . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## ڕووسیا ( Russia )

واژەی ڕووسی لەوانەیە Varangian. کۆمەڵێك لە لەناوی گەلی ڕووسە، لەواژەی سکاییی( [37] ) ((رائوش)) و بەواتای ((روناك/ سپی)) بێت .

- ( An Rúis ) ئیرلەندی: ((ڕووسەکان))
- ( Krievija ) لیتونیایی: لەناوی گەلی دێرین Krivich، کە ئێستا بەگەلە ڕووس دەخوێنرێتەوە .
- ( Venemaa ، Vene )ئیتونیایی، ( Venäjä ) فنلەندی: لەناوی مرۆڤە دێرینەکانی Vened.

## ڕوسیای سپی/ بلاروس( [38] ) ( Belarus )

لە بلاڕوسە ((ڕوسیای سپی))، کە بەناوی ڕوسیای سپیش دەخوێنرێتەوە. هۆکاری ناوی سپی دیار نییە، لەوانەیە ((سپی))یەك بێت کە هێمایە بۆ ئاسایش. هێشتاش لەئۆکرانیاو بلاڕووس چەند ناوچەیەك هەیە کە بە((ڕوسیای سور))و ((ڕوسیای رەش)) ناودەبرێن، کە لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی مەغۆلی و تەتاری .

## ڕۆمانیا ( Romania )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە Romanie وەرگیراوە . ((دەسەلاتی ڕۆمی)) . ئیمپراتۆری ڕۆم بەشێکی گەورەی ئەم ناوچەیەی داگیر کردو دانیشتوانی ناونا ڕۆم. ناوە کۆنەکەی Rumania بوو لەفەرەنسی Roumania بوو. ئەم ناوچەیە دوای گرتنی قوستەنتەنیە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بوو بەناوچەیەکی

---

٣٧ - گروپێك لە کۆچەرەییەکانی ئێرانی نەژادن . وەرگێڕ

٣٨ - وڵاتێکە دورە لە دەریا لە ئەوروپای ناوەڕاست وە پایتەختەکەیشی مینسك ە . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

ئەسڵی ڕۆمی ڕۆژهەڵات .

- ( Dacia ) ناوە کۆنە لاتینییەکەی : لەناوی مرۆڤە دێرینەکانی داسیوییی .
- ( Wallachia ) : ناوە ئیسلاوییەکەی ، ئەو ناوەی کە لەگوتیك دەیان ووت بەسلتەکان ( Walh ) دوایی بۆگەلی ڕۆم بەکاربرا . واژەی ( walh ) لەناوی گەلی سلتی Volcae ەوە دێت . (بگەڕێن بۆ وێلز ) .

## زامبیا ( Zambia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی ڕوباری زامبزی ( Zambezi ) .

- ( Northern Rhodesia ) ڕوباری زیای باکوری. ناوی پێشوو : لەناوی Cecil Rhodes ، بازرگانی ئەفریقای باشور لەنەژادی ئینگلیزی کەیارمەتی دۆزینەوەی ئەم سەرزەمینەی دا . لەباکوری ڕوباری زەریای باشور (زیمبابۆ ) .

## زلاندنو ( New Zealand )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوەیە Nouvelle Zélande ، لەناوی پارێزگای Zeeland بەواتای (( سەرزەمینی دەریا )) لەهۆڵەندا . ئابل ئاسمان دۆزەرەوەی ئەم دوورگانە ناوی نا Staten Landt ، بەلاّم نەخشە کێشە هۆڵەندییەکان ناوی لاتینی نییە Nova Zeelandia کە یان بەکارهێنا بۆ Nieuw Zeeland کە هۆڵەندییە ، وەجیمزکوك یش بەشێوەی New Zealand هێنایە ناو ئینگلیزییەوە .

- ( Aotearoa ) ئەو ناوە کە ڕەسەنییە ماتوری زمانەکان بەکاریان دەبرد بۆی. دین وەرگیراوە لەAotearoa .Niu Tireni بەواتای (( سەرزەمینی هەوری سپی ڕاکێشراو )) .

• (Nua Shealtainn) گائیلیك وسكۆتلەندی ویزلەندی: بەواتای ((شتلاندی نوێ)) كەلەدەربڕینی گائیلیك (Shetland)ە .

## زیمبابۆ (Zimbabwe)

ناوە سەرەكییەكەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەزمانی Shona و بەواتای ((مالێنی بەردینی گەورە)) . ئاماژەیە بۆ پایتەختی بەردینی كۆنی پاشای زیمبابۆی . لەوانەیە لەواژەی Zimba re bwe، ((zi)) گەورەیی، ((imba)) ماڵ، ((bwe)) بەرد .

• (Southern Rhodesia/Rhodesia) ڕوباری زیا ، ناوی پێشو): بگەڕێن بۆ زامبیا .

## ژاپۆن (Japan) یابان

لەدەربڕینی چینی ناوی ژاپۆن (ribĕn)، یان (日本rìbĕn) ((سەرچاوەی خۆر))ە ، چونكە ژاپۆن لەڕۆژهەلاتی چینەو ((ئەو جێیەی كە خۆر هەڵدێت)) .

• (Nihon/ Nippon) (日本) ژاپۆنی : ((ئەو جێیەی كە خۆرهەڵدێت)) یان ((سەرزەمینی هەلاتنی خۆر)) .

## ژوان دونوا (Juan de Nova لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا)

ناوە سەرەكییەكەی لەفەرەنسییەوەیە (Juan de Nova). لەناوی دۆزەرەوەی پرتوگالی لەسەدەی ١٥،João da Nova.

## سائۆتۆم و پرنسیپ([39]) (São Tomé and Príncipe)

ناوێكی پورتوگالییە . ئەم دورگانە لەلایەن دۆزەرەوە ئەسپانیایەكان لەڕۆژی تۆماسی قەیس دۆزرایەوە .

---

[39] – وڵاتێكە دەكەوێت كەنداوی گینیا لە رۆژهەڵاتی ئەفریقا . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

**ساح العاج** ( Côte d'Ivoire )

چونکە لێرەدا عاجیان دەناردە دەرەوە. ناوە ئینگلیزییەکەی لە فەرەنسیشەوە ئەم واتا یەی هەیە.

**ساموئا** ( Samoa )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەوانەیە لەناوی سرۆکی هۆزی ڕەسەنی، یان لەواژەی ڕەسەنی بەواتای (( شوێن moa )). (( moa باڵندەیەکی لەناوچووە ))، لەوانەیەلەم دورگەیەدا لەناو خەڵکیدا بووە ( توتم بەباڵندەیەك دەوترێت کە لەناو هۆزێکدا بووە وکە بەچاودێری خۆیان زانیوە "وەرگێڕ" ).

**ساموئای ئەمریکا** ( American Samoa **لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان** )

بگەڕێن بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ساموئا .

**سان مارینۆ** ( San Marino )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. لەناوی ( Marinus )، لەوانەیە ( خەیالاوی ) بێت، بەردتاش ( هەڵکۆڵەر )ی مەسیحی کە هەڵهات بۆ کرواتیا ، تاوەکو نەکەوێتە دەستی ڕۆمە بت پەرستەکان، جێگای خۆی لەگەڵ هاوڕێکانی تر لەشاخی تایتانۆ ( ٣٠١ـ٣٠٥ )ی زاینی دروستی کردبوو،ئەم جێگایە لەئیتالیا بەناوی San Marino ( مارینۆسی قدیس ( [٤٠] ) بەناوبانگ بوو .

---

[٤٠] - دامەزرێنەری سن مارینۆ .

Scanned with CamScanner

## سریلانکا ( Sir Lanka )

لەسەنسکریتی بە واتای (( دورگەی جوانە )) دێت .

- ( Serendip ) ســـرانديپ، نـــاو ەكۆنەكـــەی: لەسنســـكريت -sharan dweepa (( دورگەی ڕزگاری )).
- ( Ceylon ) ئینگلیزی، ( Ceilão ) پرتوگالی . ( Seilan ) سیلان، نـاوی پێشوی: لە زمانی پاڵی Sinhalana (( سەرزەمینی شێرەکان ( پشیلەکان ) )) .

## دورگەکانی سفالبا ( Svalbard لەژێر دەسەلاتی نەرویج )

لە ئەسکاندیناویایی بە واتای (( لێواری سارد )) .

## دورگەکانی سولەیمان ( Solomon Islands )

زانای ئیسپانی Alvaro de Mendaña y Neyra ئەم دوورگەیەی لەساڵی ١٥٦٧ دۆزییەوە . ئەم ناوە بەهۆی ئەوەوە لێی نا کە وابیری دەکردەوە کــە حــەزرەتی سولەیمان شتە بەنرخەکانی ( سەروەتەکەی ) لەم شوێنەدا شاردۆتەوە .

## ســاینت پــیرو میکلــون ( Saint Pierre and Miquelon لــەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

نــاوە ســەرەکییەکەی لەئینگلیزییــەوە وەرگــیراوە. زانــای پرتوگــالی João Álvares Fagundes لەســاڵی ١٥٢١ نــاوی نــا (( یــانزە هــەزار عفیفــە )). فەرەنسییەکان بەدورگەی سنت پــیر ناویــان دەبــردو نــاوی میکلــون لەدەســتەواژەی میکائیل لە زمــانی باســکییەوە هــاتووە ( ســنت مایکــڵ ). لــە١٥٧٩ ز دەریــاوان Martin de Hoyarçabal بــۆ یەکــەم جــار Micquetõ و Micquelle بەکارهێناو ئەم نــاوە بــەم دوایانــە گــۆڕا بــۆ Micklon ، Miclon ولەکۆتایــدا Miquelon بەکارهێنرا .

## سنت کیتس ونویس (Saint kitts and Nevis)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . ناوی سنت کیتس لەناوی Saint Christopher (هاوڕێ گەشتیارەکان) هاتووە. وەلەوانەیە کریستف کۆلۆمب ناویSiant Christopher لێ نابێ، بەلاّم نازانین بۆچی. وەلەوانە ئینگلیزەکان بەشێوەی کورت Saint kitts بەکاریان دەبرد. ناوی Nevis لەواژەی ئیسپانی Nuestra Senora de las Nieves بەواتای ((بەفرەکانی خانمی ئێمە)) لەهەورە بەردەوامەکان بەسەر کێوەکانی ئەم دورگەیە .

## سنت وینست گردنا دین (Saint Vincent and the Grenadines)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لەئیسپانی Saint Vincentلەلایەن کریستف کۆلۆمب لە ساڵی ١٤٩٨، ڕۆژی جەژنی سنت ونیست گرنادین، وەك گرنادا، لەناوی شاری باشوری ئیسپانیا بەناوی Granada.

## سنت لوسیا (Saint Lucia)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە . لەناوی ڕۆژ Saint Lucy لە ١٣ /٩/ ١٥٠٢ ز مەلەوانەکان ناویان لێنا .

## سنت وینسنت وگرنادین (Saint Vincent & Grendine)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە .

## سنت هلنا (Saint Helena لەژێردەسەلاتی ئینگلیزەکان)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. کە دانیشتوانی پرتوگالی João Nova da ئەم دورگەیەی لە ساڵی ١٥٠٢ ز دۆزییەوەو ناوی نا (هلنا) دایکی ئیمپراتۆری کنستانیتنی لێ نا .

Scanned with CamScanner

## سەنگاپورە ( Singapore )

نـــاوە ســـــەرەکییەکەی لەفەرەنســـــییەوەیە ( Singapour )،لـــــەمالایی Singapura لەسەنسـکریت Simhapura یـا ( Singhapura ) شـــای شـێر ( پشیلەکان ) .

- ( Temasik ) نـــاوی پێشـــوی لـــەمالایی : لەبنچـــینە جـــاوایی tasik (( دەریاچە )).

## سینگال ( Senegal )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی پرتوگالی گـەلی بەربـەر Zenaga ( عەرەبی Senhaja ) ئەم گەلە حکومەتی دەکرد بەسەر مۆریتانیا .

- ( Daradia ) لاتین: ( ڕوون نییە )

## سووید ( Sweden )

نـــاوە ســـەرەکییەکەی لەفەرەنســـییەوە Suéde وەرگـــیراوە، واتاکـــەی دیـــار نییە ،بەلاّم دەزانین لەواژەی اسکاند ینیاویایی کـۆن Sviþjoð هـاتوە. Svi لەهنـدو ئەوروپایی suos ( کـەس/ خزمـەکان ) و þjoð (( خـەڵك )) هـاولاّتی لـە deut ئەڵمانی و teut توتنی([41]) یە .

- ( Sverige ) ناوی نەتەوەیی: لـە Svia Rike "پاشـای سـوید "ئـەم نـاوە لەوانیە لەدانیمارکییەوە چوبێتە ناو سوید .
- ( Ant Sualainn ) ئیرلەندی: "سەر زەوی سوید" لە Sua هاوڕەگە لەگـەڵ Svia سویدی و lann (( ژێر زەوی )).

---

[41] – ناوی نەژادە .

Scanned with CamScanner

- ( Ruotsi ) فنلاندی: ( Rootsi ) استونیایی ( Rūotšnō ) لیوتیایی ( Ruotta ) لەزمانی Sami: ڕەنگە لە"ڕوس" بێت.

## سوازی لەند ( Swaziland )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەناوی خەڵکی Swazi دانیشتوانی ئەم وولاتە. واژەی سوازی لەناوی Mswati-I، پاشای پێشووی ئەم وولاتە بوو.

## سوئیس ( Switzerland )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Suisse وەرگیراوە. لەوانەیە بەواتای ((سەرزەوی زەلکاو)) بێت.

- ( Helvetia ) لاتین: لەناوی هۆزی سلتی Helvetii.

## سودان ( Sudan )

ناوە کوردییەکەی لە عەرەبیەوە وەرگیراوە. لەعەرەبی ((بلاد السودان)) (سەر زەمینی ڕەشەکان). لەبنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ سەرزەمینی خەڵکی کەناری لە(کەناری ئەم شارە).

## سورینام ( Suriname )

ناوە فارسییەکەی لەئینگلیزییەوەیە. لەناوی خەڵکی Surinen، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

## سوریا ( Syria )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەعەرەبییەوە وەرگیرابێت. لەناوی یۆنانی ئاشور، بەڵام سەرزەمینی بنەڕەتی ئاشور لەباکوری عیراق بوو. ئەم ناوچەیە بە Aram (هۆزی ئارامی) ناو دەبرێ، ناوی سوریا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە ناونرا.

Scanned with CamScanner

## سۆماڵ ( Somalia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Somalie وەرگیراوە، لەناوی پیاوانی Somalis . لەوانەیە لەزمانی Cushitic ((تۆخ)) ، ئاماژەیە بۆرەنگی پێستیان . لەوانەیە بریتی بێت لە soo maal ڕۆشتن وشیر ( خواردنەوە )، ئاماژەیە بۆ پێشوازی لەمیوانەکان لەگەڵ شیر ، لەوانەیە لەناوی سەرۆکی هۆزی کون Samaale بێت .

## سیرالیۆن ( Sierra Leone )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . ئەو ناوەی کە لەپورتوگالی ( Serra Leoa ) و ئیسپانیایی ( Sierra león ) "چیاکانی شێر" بێت . دۆزەرەوەی پرتوگالی (( Pedro de Sintra )) لەساڵی ١٤٦٢ ئەم دورگەیەی لەدورەوە بینیو ئەم ناوەی لێ نا . سێ ڕونکردنەوە هەیە بۆی: وەکو ددانەکانی شێر، وەکو شێری خەوتون و یان (( بروسکە )). ( ئەو باڵندەیەی ) کە لەبەرزایی ئەم کێوانەوە بووە، وەکو ( نەڕەی شێر ) بوو .

- ( Deorum Currus ) لاتین: ( ڕوون نییە )

## سیشیل( ٤٢ ) ( Seychelles )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزییەوە بێت . لەناوی Jean Moreau de Séchelles ، وەزیری دارایی لویی چواردەیەم لە ١٧٥٤ ـ ١٧٥٦ز .

---

٤٢ – کۆماری سیشل وڵاتێکی دورگەییە لە زەریای هندی ، پایتەختەکەی ڤیکتۆریایە .

وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

**شیلی** ( Chile )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەفەرەنسییەوە ( Chilie ) وەرگیرا بێت ، بنچینەی ئەسڵی دیار نییە . لەوانەیە لەدەستەواژەی ڕەسەنی Mapudungun . بەواتای (( قوڵاییەکان )) نیشانەیە بۆ چیای ئاند ، لە Quechua یان Mapuehe زمانی سورپێستەکان chilli بەواتای (( ئەو جێگایەی کە جیهان کۆتایی پێ دێت )) لەوانەیشە لەواژەی ڕەسەنی tchili بەواتای (( بەفر )) .

**صبریا** ( Serbia )

(( سەرزەمینی سربەکان )) واتای ئەم ناوە ئاشکرا نییە .

**سەحاری** ( Western Sahara ) **لەژێر دەسەلاتی مەغریب (مەڕاکیش )**

لەناوی بیابانی گەورەی ئەفریقا .

- بیابانی ئیسپانیا ( ناوە پێشووەکەی ) .

**عێراق** ( Iraq )

لەناوی شاری Erekh /Uruk ، نزیك فورات ولەوانەیە یەکەمین شاری گەورەی سۆمەری بێت . وە بۆچونێکی تر لە (( ئیراك )) ولەفارسیدا بەواتای (( ئێرانی بچوك (عێراق عجەم ) )) بێت .

- ( Mesopotamia ) (( بین النهرین/ نێوانی دوو ڕوبار ): ناوە کۆنەکەی یۆنانی بووە (( بین النهرەین )) meso - ( نێوان ) و potamos ( روبار ) . نێوانی ڕوباری دیجلەو فورات .

Scanned with CamScanner

## عەرەبستانی سعودی ( Saudi Arabia )

کۆنترین ناو بۆی لەزمانەکانی ئێرانیو فەرەنسی کۆن Arabaya یە. سعود ناوی گەورەیەکی پاشای ئەم شارەیە. سعود واتای (( خۆشبەخت ))، عەرەب لەزمانەکانی سامی واتای جیاوازی هەیە (( خێوەت نشین ))، (( مغرب ))، (( دەشت، تێکەڵ بوون ))، (( بازرگانی ))، (( تالاّن کەر ))و (( هەست کەر )).

## عوممان ( Oman )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەعەرەبییەوە وەرگیرابێت . ئەم ناوە جوگرافی زانە یۆنانیو مسوڵمانەکان بەکاریان دەهێنا .لەکتێبی (( عومان لەمێژودا )) نووسراوە کە مێژوو نوسی ڕۆمی ۷۹ ــ ۲۳ ( Yalainous زاینی ) باسی شارێکی نیمچەدورگەی عەرەبستان دەکات بەناوی Omana، ئەم شارە ( لەوانەیە شاری "بیابان" دواتر ناوی هەموو ناوچەکە بەوە ناونرا . لەکتێبی (( عومان لەمێژوودا )) هاتووە کە لێکۆڵەرە عەرەبەکان ناوی جیاوازیان پێ داوە. ابن قبی دەڵێت: لەسیفەتی عامن یان عمون بەواتای ( نیشتەجێ ) یان ( زادگا )یە. هەندێ بەناوی نەوەی حەزرەتی ئیبراهیمی دادەنێن. زۆرێك بڕوایان وایەلەناوی دۆڵێکەوە هاتووە کە ئەم شارەی لەسەر دروست کراوە، وە زۆر مێژووییە .

## گانا ( Ghana ) غانا

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە هاتووە، لەناوی پاشای کۆنی گانا .

کە ناوی ئاڵتون ( Gold coast ناوی پێشوو ): زۆرترین ئاڵتون لە زەمانی داگیرکاری ئەفریقا لێرەدا دەنێرایە دەرەوە.

## دورگەکانی فارۆ ( Faroe Islands لەژێر دەسەلاتی دانیمارک )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزییەوە هاتبێت . لە زمانی فاروزی ( لەئەسکەندەناویای دێرین ) Føroyar (( دورگەی مەڕەکان )) .

Scanned with CamScanner

**دورگـەکانی فالکانـد(٤٣) ( Falkland Islands لـەژێر دەسـەلاتی ئینگلیز )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە. کاپیتـانی ئینگلیـزی John Strong ئەم دورگانەی لەساڵی ١٩٦٠ دۆزییەوە ، لەبەر رێـزی Anthony Cary پێنجەمین وایکانتی فالکاند لەئیسکاند ئەم ناوەی نا لەو دورگانە .

- دورگــەکانی مالڤینــاس ( Islas Malvinas لــەزمانی ئیســپانیایی ): مەلەوانە فەرەنسییەکان لەسـاڵی ١٦٩٠ئـەم ناوەیـان نـا لـەم دورگانـە. stmalo لەبروتانی فەرەنسی لەفەرەنسی (( Malouines )).
- دورگــەکانی سـبالد ( Sebald Islands نـاوێکی لـەبیرکراو ): لەهۆڵەنـدا لەبەر رێزی Sebald de Weert.

**فەرەنسا ( France )**

نــاوە ســەرەکییەکەی لەفەرەنســییەوە وەرگــیراوە Farance. لەفەرەنســی Francia، (( سەرزەمینی فرەنکـەکان )) نـاوی فرانـك لـەناوی تیرێکـەوە هـاتووە کەپێشی دەوترێ frankon و ئەم نەتەوەیە بەکاریان بردووە.

- ( Gallia ) لاتین: لەناوی گەلی سلت، رۆمییەکانی گەلی سلت یان بـە Gaul ناو دەبرد.

**فەلەستین ( Palestine )**

ناوە سەرەکییەکەی لەعـەرەبییەوە وەرگیراوە . لەناوی فەلەستین ناوچەیەکی کـۆن لەدەوروبەری غـەزە . یۆنانییەکان ئەم ناوچەیان بەناوچـەیەکی فـراوانتر نـاوزەن کـرد Palaistinê، هێرۆدۆت ئەوانی دی بەناوچەیەك لەسوریا بـەیان کـردووە. لـەکاتی

---

٤٣ - کۆمەڵە دورگەیەکە لەباشوری ئەمریکای باشور .

Scanned with CamScanner

ڕۆمیەکاندا بەناوی Judaea (یهودی) یش دەیان خوێندەوە.

- Jórsalaheimr/ Jórsalaland/ Jórsalaríki (ئەسکەندەناویای کۆن): ئۆرشەلیم .

## فنلەند (Finland)

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Finlande وەرگیراوە . لەئەڵمانی سەرزەمینی Finn ەکان . ڕەگی Finn لە لاپلندی([44]) یان Sami ە. لەوانەیە لەئەڵمانی ((زەلکاو/ گۆماو)) یان هاوڕەگە لەگەڵ کرداری ئینگلیزی (find) (دۆزینەوە) لەلاتین Fennia .

- Suomi فنلەندی، (Soome) ئیتۆنیایی، (Sum) روسی دێرین: لەوانەیە لەواژەی بالتیکی zeme "سەرزەمین" (بەراوردی بکەن لەگەڵ "زەوی" فارسی) .

- (An Fhionnlainn ئیرلەندی): لەخستنە سەریەکی Finlandia لەگەڵ Fionnlann بەواتای ((سەرزەمینی پەرییەکان)).

## فیجی([45]) (Fiji)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەزمانی viti ، Tongan ناوی ئەم دورگانەیە .

---

[44] – ناوی ناوچەیەکە لە ئەوروپای باکور کە زۆرترین بەشی کەوتۆتە خولگەی جەمسەری باکور . وەرگێڕ

[45] – دورگەیەکە و لە هەمانکاتدا کۆمارێکە لە زەریای ئارام . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## فیلیپین ( Philippines )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Philippine وەرگیراوە . ((سەرزەمینی شای فلیپ)) فلیپی دووەم، شای ئەسپانی . katagalugan (زمانی بۆمی katipunan ): ((سەرزەمینی ڕووبار)). ئەڵبەتە زۆرتر بۆ ناونانی ناوچەی تاگالوگ بەکار دەبرێت .

- ( Maharlika ) (ئەسپانیایی فیلیپین) : بنچینە / ئازاد .

## قبرس ( Cyprus )

ناوە سەرەکییەکەی لەعەرەبییەوە وەرگیراوە . لە یۆنانی kypros واتای "مس". ئاماژەیە بۆ کانەکانی مس لەم دوورگەیە .

## قرقیزستان ( Kyrgyzstan )

لەتورکی، "قرخ" (چل) + "ئیز" (تیرە): ((سەرزەمینی چل تیرە))و "سور" (چل) + "قیز" (کچ): ((سەرزەمینی چل کچ)).

## قەزاغستان ( Kazakhstan )

((سەرزەمینی قەزاقەکان)) . قەزاق لەزمانی تورکی ئالتایی و لەوانەیشە بەواتای ((سەربەخۆ/ ئازاد/ لێهاتوو)) بێت .

## قەتەر ( Qatar )

ناوە سەرەکییەکەی لەعەرەبییەوە وەرگیراوە . لە((قترە))، لەوانەیە ناوی شارو بەندەری کۆن بێت . ناوی Qatara بۆ یەکەم جار بتلمیوس لەنەخشەیەکی عەرەبستاندا کێشاویەتی و باسی لێوە کردووە .

Scanned with CamScanner

## كاتالانيا ( Catalonia لەژێر دەسەلاتی ئەسپانیا ) یان کەتەلۆنیا

ناوە سەرەکییەکەی لەئەسپانییەوە وەرگیراوە. لەزمانی کاتالانی Catalunya بەرەگێکی نادیارو بیرو بۆچونێکی زۆر . لەوانەیە لەواژەیەك بەواتای (( سەرزەمینی کوخ )) بێت. بەپێی بیرو بۆچونێکی تر Catalunya لەعەرەبیدا کوخی ئۆینە بەواتای (( سەرزەمینی کوخەکان ))، چونکە لەسنوری مەسیحیەکان لەگەڵ عەرەبەکان پڕبوو لەکوخ . هەندێك دەڵێن Catalunya لە(( Goth-Alania )) بەواتای (( سەرزەمینی گوتەکان وئالانەکان ))، چونکە ماوەیەك لەم سەرزەمینەدا فەرمان ڕەوابوون . ویزیگۆتەکان لەوانەیە بارسلونا یان بۆ پایتەختی خۆیان دروست کردبێت .

## دورگەکانی کارولین ( Caroline Islands )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی چارلزی دووەم (( Charles II )) کە پاشای ئیسپانیا بوو لەساڵی ١٦٦٥ تا ١٧٠٠ ز .

## کارۆلینای نوێ ( New Caledonia لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . دەریاوان James Cook لەساڵی ١٧٧٤ ز ناوی لێ نا ، چیاکانی ئەم دورگەیە دەیخستەوە یادی سکۆتلەندا (لەلاتین Caledonia ) .

## کەمبۆدیا ( Cambodia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Cambodge وەرگیراوە. ئەم ناوە لەناوی پاشای (خمر ) لەم وولاتەدا Kambujadesa یان Kambuja هاتووە . ناوی سانسکریت Kambuja یان Kamboja ئاماژەیە بۆهۆزێکی هندۆ ئێرانیو بەهێز لەم ناوچەیەدا . بۆ پەیوەندی ئەم ناوە لەگەڵ ناوی (( کەمبوجیا )) سەرنج بدەن بۆ

Scanned with CamScanner

کوڕی کۆرشی گەورە .

- ( kampuchea ) ناوی پێشوو لەئینگلیزی .

## کامرون ( Cameroon )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەپورتوگالیدا Rio de Camarões بەواتای (( ڕوباری میگۆ )) ئەو ناوەی کە دۆزەرەوە پورتوگالییەکان لەسەدەی ١٥ لەروبارە ئەسڵیەکەیان نا .

## کەنەدا ( Canada )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەواژەی kanata بەواتای ((لادێ)) یان (( شوێنی ژیان )) لە زمانی Saint-Lawrence Iroquoian کە لەنزیکی شاری کبك لەسەدەی ١٦ ز دا ناو دەبرا.

## دورگەکانی کایمان ( Cayman Islands لەژێر دەسەلاتی ئینگلیز )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کریستف کۆلۆمب ئەم دوورگەیەی لەساڵی ١٥٠٣ دۆزییەوە وەناوی ئەم دورگانەی نا Las Tortugas (لەئەسپانیایی "کیسەڵەکان" ) . لەماوەی ساڵ ١٥٤٠ ز ئەم دورگانە بەکایمان ناو دەبرا کە لە Caiman سوسمار ( خشۆکێکە لە تیمساح بچوکترە ) لەم دوورگانە دەژیا .

## کرۆواتیا ( Croatia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Croatie وە رگیراوە . ناوە ڕەسەنیەکەی لاتینی بووە Hrvatska ، لە Hrvat (کرواتی ): ڕەگەکەی دیار نییە، لەوانەیە واژەی سرمتی( [٤٦] ) "شوان"، "گاوان"، لەوانەیشە لە ئالانەکان( [٤٧] ) بێت .

---

٤٦ - هۆزێکی دێرینن لە ناوچەی ستێپ نیشتەجێبوون . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## کۆریا ( Korea )

لەناوی زنجیرەی Goryeo، یەکەم جار بازرگانە ئێرانییەکان ڕۆیشتن بۆکۆریا، پاشاکان Koryŏ Goryeo حکومەتیان کرد بەسەریدا. ئەم ناوە دێرینەکەی بەواتای (( نەژاد ))[47] ( خەڵکی ) دێت . چینە کۆنەکان پێی دەڵێن ( 高麗 Gāoli )، ئێستا پێیان دەڵێن کۆریای باشور Hanguk وکۆریای باکور Joseon. کە لەوانەیە دەربڕینی کۆتایی ڕاستتر بێت . ناوە ئەوروپییەکەیان لەفارسییەوە هاتووە .

## دورگەی کریسمس Christmas Island لەژێر دەسەلاتی ئوستالیا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . ئەم دورگەیە لەڕۆژی کریسمس ١٦٤٣ ز لەلایەن William Mynors دۆزرایەوە .

## کۆستاریکا ( Costa Rica )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . بەئەسپانیایی بەواتای (( کەناری دەوڵەمەند )) دێت ، لەلایەن دۆزەری ئیسپانیایی Gil González Dávila.

## کۆلۆمبیا ( Colombia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەناوی کریسف کۆلۆمب دۆزەرەوەی Christopher Columbus، هەڵبەتە هیچ کات ئەم وولاتەی نەبینی.

---

٤٧ – هۆزێکی ئێرانی نەژاد بوون . وەرگێڕ

**دوورگـــەی کلیپرتـــۆن ( Clipperton Island لـــەژێر دەســـەلاتی فەرەنسا )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لـەناوی John Clipperton دزی دەریایی ئینگلیزی کە لەساڵی ١٧٠٥ ز لەم دورگەیـەدا شـوێنی حەشـارگەی دروست کرد .

**کۆنگۆ ( Congo )**

نـاوە سـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە. لەپاشـای kongo لـەناوی خەڵکی Bakongo.

**کۆنگۆی دیموکرات ( Congo, Democratic Republic )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە . لەپاشـای kongo . لـەناوی خەڵکی Bokongo .

- زئیر ( Zaire ناوی پێشین )؛ لە Nzere "روبار"، روباری کۆنگۆ .

**کینیا ( Kenya )**

نـاوە سـەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە . لـەزمانی Kere-Nyaga "kĩkũyũ" بەواتای (( زنجیرە چیای سپی )) .

- ئەفریقای ڕۆژهەلاتی بەریتانیا ( ناوی پێشین ) .

**کوبا ( Cuba )**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە . لـەزمانی هیندیـە سـورەکان Taíno, Cubanacan (( شوێنی ناوەندی )) . هەنـدێك دەڵـێن لـەناوی Cubaی شاری پرتوگالی کوباوە هاتووە کە کریستف کۆلۆمب بنەماکەی دانا . لـەپرتوگالیو ئەسپانیایی بەخومرەی شەراب دەڵێن ( cuba ) .

Scanned with CamScanner

## دورگەکانی کوك ( Cook Islands لەژێر دەسەلاتی زلاندنو )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی دەریای سالار James Cook کە لەساڵی ١٧٧٠ ئەم دورگانەی دۆزییەوە.

## دورگەکانی کوکوس ( Cocos Islands لەژێر دەسەلاتی ئوستراليا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لە coconuts (( گویزی هندی )) بەرهەمی سەرەکییەتی .

- دورگەکانی کلینیك ( Keeling Islands ) ناوی پێشین: لەناوی William Keeling دۆزەرەوەی ئەم دورگانە لەساڵی ١٦٠٩ ز .

## کۆمۆر ( Comoros )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەعەرەبی (( جزائر القمر )) بەواتای (( دورگەکانی مانگ )) .

## کوێت ( Kuwait )

لەعەرەبی، بچوك کراوە ی"Kut/ Kout" بەواتای (( بنکەی سەربازی نزیك ئاو )) .

## کەیپ ورد ( Cape Verde )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی Cap-Vert لوتکەیەکی دەریایی لەئەفریقای ڕۆژئاوای لەناوی پرتوگالی Cabo Verde بەواتای "دەماغەی سەوز" ( لوتکەی سەوز ) .

Scanned with CamScanner

## کیرباتی ( Kiribati )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەڕەسەنیدا بووە بەدورگەکانی گیلبرت Gilbert Islands .

- دورگەکانی گیلبرت ( ناوی پێشین ): لەناوی دەریاوانی ئینگلیزی Thomas Gilbert ئەم دورگانەی لەساڵی ١٧٨٨ ز دۆزییەوە .

## دورگەی کینگمن ( Kingman Reef لەژێر دەسەلاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەناوی دەریاوان .W.E kingman ئەو کەسەی کە لەساڵی ١٨٥٣ ز دۆزییەوە .

## گابۆن ( Gabon )

ناوە فارسییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەناوی پورتوگالی ڕوباری کەنداوی **کۆمۆ** Gabão. ( فەرەنسی Estuaire de Gabon ). ووشەی Gabão لەعەرەبیدا (( قباء )). چونکە ئەم کەنداوە وەکو گومەز وایە .

## گامبیا ( Gambia )

ناوە فارسییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی ڕوباری گامبیا کە لەم وولاتەدا تێدەپەڕێت . لەوانەیە لەپرتوگالیدا ( Câmbio ) بەواتای (( بازرگانی ))یە . پرتوگالییەکان لەم ناوچەیەدا بازرگانیان دەکرد .

## جۆرجیا ( Georgia )

ووشەیەکی فارسییە لەوانەیە لەپێش هندۆ ئەوروپاییەکان و بەمانای (( کوێستانی )) بێت . یۆنان بەسەر زەمینەکانی Colchis لەکەنار دەریای ڕەش و Iberia لەکەناریدا ئاماژەی پێ دەکەن . هەندێك لەیۆنانییەکان دەڵێن

Scanned with CamScanner

و بـەمانای ((کشـتوکاڵ))ە . بەهـەرحاڵ نـاوی ئێستای ΥεωρΥία،Georgia یۆنانی لەفارسییەوە هاتووە. ئەڵبەتە دەکرێت هەردوو ناوەکە لەزمانی قەوقازییـەوە هاتبێت .

• Sakartvelo (گرجـی): لـەناوی خـودای Kartlos، کـە بـە بـاپیری گورجییەکان هەژمار دەکرێت .

**گرنادا (Grenada)**

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لـەناوی شـارێکی ئیسـپانیایی گرنادا. کۆلۆمب ئەوی بە Concepción ناوی نابوو .

**گرین لاند (Greenland لەژێر دەسەلاتی دانیمارك)**

ناوە فارسییەکەی ڕەنگەلەدانیمارکییەوە وەرگیرابێت. ((سـەرزەمینی سـەوز)) ناوەندی Eric the Red لە٩٨٢. بێگومان ئەمە پەیوەندی بەو وێنەیەوە هەیـە وە بۆ ڕاکێشانی کۆچەرەکانیان ئەم ناوەی لێ نرا.

• Kalaallit Nunaat (نـاوی گروتنلنـدی ئـەو): ((سـەرزەمینی مرۆڤەکان)).

**دورگـەکانی گلـورنیز (Glorioso Islands لـەژێر دەسـەلاتی فەرەنسا)**

Glorioso ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . یا Glorieuses ناوی لە مـەزندییەوە (glorious) وەرگیراوە .

Scanned with CamScanner

## گواتمالا ( Guatemala )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەزمانی ( Nahuatl )، ( Cuauhtēmallān ) شوێنی فراوانی درەخت (( دارستان )).
کاتێك کە ئیسپانییەکان گەیشتنە ئەم ناوچەیە بیریان لەوە دەکردەوە کەناوەندی شارستانیەتی مایا بێت وە ناوی ئەم شوێنەیان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی پرسی وەبە هەڵە ئەم پێشبینیەیان کرد .

## گواد لۆپ ( Guadeloupe لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. کریستف کۆلۆمب لەساڵی١٤٩٣ لەناوی ( Santaq María de Guadalupe ) ەوە ناوی نا .

## گوام ( Guam لەژێر دەسەلاتی وولایەتە یەکگرتووەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەووشەی میللەت guahan، Chamorro (( ئێمە هەمانە )) .

## گویان ( Guyana )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەئینگلیزییەوە هاتبێت. لەناوی ڕەسەنی ((سەرزەمینی ئاوە فراوانەکان))، ئاماژە بە روبارە فراوانەکان .

- گویان بریتانیا ( ناوەپێشووەکەی ))

گویان فرانسە ( French Guiana لەژێر دەسەلاتی فرانسە ): بگەڕێوە بۆ واتای گویان .

Scanned with CamScanner

## گینیا ( Guinea )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Guinée وەرگیراوە. لەزمانی ( سوسو )دا بەواتای (( ژن )) یا لەزمانی بەربەریدا Akal n-Iguinawen بەواتای (( سەرزەمینی ڕەشەکان )) . گینەفرانسە ( ناوە پێشووەکەی ) .

## گینیای کەمەرەیی ( Equatorial Guinea )

ئەڵبەتە ئەم وولاتە ناکەوێتە سەر هێڵی یەکسانی. گینە لەفەرەنسیدا Guineé لەوانەیە لەزمانی بەربەریدا aguinaoui بە واتای (( ڕەش )) بێت .

- گینیای ئیسپانیا ( ناوە پێشووەکەی )

گینیای بیسائو ( Guinea-Bissau ) لەناوی پایتەختەکەیەوە هاتوە.

- گینای پورتوگال ( ناوە پێشووەکەی ) .

## لائوس ( Laos )

فەرەنسی بوونی ووشەی لائوسی lao،بەواتای (( لائوسی ))یە . لەوانەیە لەووشەی هندی lava، ناوی یەکێك لە دوو کوڕەکەی خودای "Rama" ە . لەوانەیە لە(( Ai-Lao ))، ناوێك کە چینیە کۆنەکان بەتیرەو هۆزی (( تای )) یان دابوو وە ئەوێیان بە(( Lan Xang )) "سەرزەمینی هەزاران فیل" ناودەبرد .

## لاتویا ، لتونی ( Latvia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزی Latvia و فەرەنسی Létonie وەرگیراوە . لەناوی شوێنی Latgale، لەڕیشەی ئەڵمانی. بگەڕێ بۆ لیتوانی دا.

## لوبنان ( Lebanon )

کۆنترین ناو لەزمانەکانی ئێران بۆمی لەفارسی دێرین Labanāna دایە . لە

Scanned with CamScanner

ڕەگی زمانەکانی سامی LBN، لەزمانەکانی سامیدا واتای جیاوازی هەیە وەکو((سپی)) یا ((شیر))(خۆراکی )و بێگومان پەیوەندی بەبەفرو سپیەتی شاخەکانی لوبنانەوە هەیە. تەنانەت ناوی ئەولە دلێری گلگامێش (٢٩٠٠ پ.م) دا هاتووە .

## لسوتو( Lesotho )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەسوتو بەواتای ((ڕەش)) یان ((پێست ڕەش)) ە .

## لوگزامبورگ ( Luxembourg )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەفەرەنسییەوە وەرگیرابێت . لەسلتی Lucilem ((بچوك)) + ئەڵمانی burg ((قەڵا)) و بە واتای (قەڵای بچوك) ە .

## پۆڵەندا ( Poland )

Lengyelország (ئاوەڕۆ)، Lenkija (لیتوانیایی)، پۆڵەندی (فارسی): لەتوتنی دێرین یان پۆڵەندی دێرین lędĕnin (کەسێك کە خاکێکی دەست لێ نەدراو دەکێڵێت) **لە** lęch .

ناوێکی دیکەی ئەو ((سەرزەمینی Polan)) نەکانە،لەناوی تیرەی ((Polanie))یە. ئەم تیرەو هۆزە لەسەدەی (١٠)یەمی زاینیدا لەم ناوچەیەدا جێگیر بوون. ناوی ئەم هۆزە لەپۆڵەندی Pole بە واتای (کێڵگە یاکێڵگەی ئاشکرا) یە. ناوە ڕەسەنییەکەی (polska) یە .

## لیبریا ( Liberia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەلاتینیدا liber ((ئازاد)). سەرزەمینێك کە (کۆیلە) ڕەشە ئەمریکیە ئازاد بووەکان دایان مەزراند .

Scanned with CamScanner

## لیبیا ( Libya )

ناوە سەرەکییەکەی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە ، لەفەرەنسیەوەی (( Lybie )). لەهۆزی دێرینی بەربەر کە یۆنانییەکان بە Libyans ناویان دەبردو مصریەکان بە Rbw.

## لیتوانیا ( Lithuania )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی (( Lithuanie )) یەوە وەرگیراوە . لێکۆلەرەوان هەولیان داوە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو و ( litus ) ( کەناراوی ) لەلاتینیدا بدۆزنەوە، بەلام هیچ بەلگەیەك لەبەردەستدا نییە. لەلاتینیدا بەناوی ( Litve/ Lituae ) بەیانیان کردووە. لەوانەیە لەگەل ( لاتوریا ) لەیەك بنچینەبن. بگەڕێوە بۆ Lietuva لەژێرەوە .

- Lietuva ( لیتوانیایی ): هەروەك بۆچوونی ڕەسەنییەکان لە lietus (( باران ))و بەواتای (( شوێنی باراناوی ))یە.

## لیختن ئشتاین ( Liechtenstein )

لە ئەلمانی بە واتای ( تاوێری ڕوناك ) دێت ، لە ناوی زنجیرەی لیختن ئشتاین وەرگیراوە ، کە حکومەتیان دەکرد لە ئسلنبورگ و فادوتس لە سەردەمی ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم . لیختن ئشتاین و لۆکزامبۆرگ نشینگەیەکن کە لە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم ماونەتەوە ( لە ناوچەی ئەلمانیاو نەمساو سوئیس ) .

## ماداگاسکار ( Madagascar )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوە ڕەسەنەکەی لەزمانی مالاگاشی ( لەزمانەکانی مالایی )، Madagasikara، (( کۆتای زەوی )) کە ئاماژەی هەیە بەدورییەکی زۆر لەگەل باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا .

Scanned with CamScanner

## مارتینیك ( Martinique لەژێردەسەلاتی فەرەنسا )

ناوە فارسییەکەی لەفەرەنسی Martinique یەوە وەرگیراوە . کریستف کۆلۆمب لەساڵی ١٥٠٢ ز ناوی لێ نا بۆ ڕێزگرتنی ناوی St. Martin .

## دورگەکانی مارشاڵ ( Marshall Islands )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی خاوەن پلەو پایە لەهێزی دەریایی ئینگلیزی John Marshall، یەکەمین کەسێك کە لە١٧٨٨ هەبونی ئەم (دورگانە )ی دوپات کردەوە.

## دورگەکانی ماریانای باکور ( Northern Mariana Islands بەرژەوەندی هاوبەشی ویلایەتە یەکگرتووەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . فردریك ماجەلان لەساڵی ١٥٢١ ز دۆزینیەوەو ناوی ( Islas de los Ladrones ) ( دورگەی دزەکان )ی بۆ دانا، بەڵام لە ١٦٦٨ San Vitores گەیەنەری ژوزنیتی گۆڕی بۆ Las Marianas، بۆ شانازی ماریانای اتریشی و بێوەژنی شای فیلیپی پێنجەم و جێگری فەرمان ڕەوای ئیسپانیا .

## مالاوی ( Malawi )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەوانەیە لە ووشەی (ڕەسەنی ) بەواتای (( ئاو چەخماخ )) یا (( بڵێسەی ئاگر )) کە بەڕوناکی ڕاستەوخۆی خۆر بۆ دەریاچەی مالاوی ئاماژەی پێ کراوە .

- Nyasaland ( ناوە پێشووەکەی ): Nyasa بەواتای (( دەریاچە )) لە زمانی ڕەسەنی. کە ئاماژەی بە دەریاچەی مالاوی هەیە .

Scanned with CamScanner

## دورگەی مان ( Isle of Man لەژێر دەسەلاتی ئنگلستان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەئینگلیزیو مانیندا، Mannanán mac Lir ناوی خودای Poseidon لەگائیلیك وبریتونی .

## مالت ( Malta )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Malte یەوە وەرگیراوە . لەفنیقیدا (( MLT )) (( حەشارگە )) کە لە سەردەمی یۆنانی ولاتین Melitta بە واتای (( هەنگوین ))ی ماوە . لەڕابردویشدا بەMelitta دەیان خوێندەوەو ناویان دەبرد ، ئەو ناوەی کە ئێستا بەکار دێت لەمالتی کە لەعەرەبی (( **ملگە** )) یەوە وەرگیراوە ، بەهەمان بنچینەی فنیقییەوە هاتووە .

## مالدیڤ ( Maldives )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Maldive یەوە وەرگیراوە. لەعەرەبیدا (( محل )) یا (( خۆش ویستنی شوێن )) ە کە بۆ ئەم وولاتە سودمەند دەبون. هەندێك لەلێکۆڵەرەوان دەڵێن لەسنسکریتدا Maladvipa (( گوڵبژێری دورگەکان )) ە. هەندێك لەبنچینەی تامیلی malai (( کوێستان ))و سنسکریت diva (( دورگە ))، (( دورگە کوێستانییەکان )).

- Dhivehi Raajje ( مالدیوی ): (( پاشایەتی مالد یوەکان )). Dhivehi ناوی خەڵکیو زمانی ( مالدیوی )یە.
- Maladwipa ( سنسکریت ): (( گوڵبژێری دورگەکان )).
- Dhibat Mahal ( عربی ).

Scanned with CamScanner

## **ماليزيا** ( Malaysia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Malaysie یەوە وەرگیراوە . (( سەرزەمینی خەڵکی مالایی )) .

- Malaya (ناوە پێشووەکەی) ((سەرزەمینی مالایی)).

## **مالی** ( Mali )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی پاشای دێرینی و مالی کە زۆر فراوان بوو وە لەناوی خەڵکانی (( Malinké ))یە .

## **مایوت** ( Mayotte **لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا** )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. دەربڕینی فەرەنسی لەناوی نەتەوەی Maore/ Mawuti، فەرمان ڕەوایی لەدەوروبەری ١٥٠٠ ز .

## **هەنگاریا** ( Hungary )

Magyarország (هەنگاری "سەرزەمینی هەنگارەکان ") ، Macaristan (ترکی): بەپێی ئەفسانەکانیان لە وەچەی Magyar و برای Hunor (نمرود پاشای بابل)ی دەزانن .

- Hungary : لەترکیدا ( on-ogur ) بەواتای " ( خەڵکان ) دەتیر/ خدنگ"[48] کە بەدە هۆز ئاماژە دەکات. لەبەرئەوەی لە ٧ هۆزی ڕەهەندی و ٣ هۆزی ( خزر )[49]

---

[1]- خدنگ: درەخت رگەز، نێزە، تیری خەدەنگ، ئەو تیرەیە کە لەدرەختی خەدەنگ دروست دەکرێت. (وەرگێڕ).

٢- خزر : ناوی تیرەیەکی ئارییە کە لەکۆندا لەتورکستان و کەنارەکانی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر دەژیان. (وەرگێڕ).

Scanned with CamScanner

بوون هەندێك دەڵێن لەووشەی هونایە([50]) .

• Угорщина (Uhorshchyna) (ئـــۆكرانی)، Вугоршчына بلاروســــــــی، Węgry (پۆڵەنـــــــدی)، Wędżierskô لـەزمانی Kashubian و Ugre (ڕوســی دێـرین): لەتوركیـدا ((on-ogur)) بەواتای"(خەڵكان) دەتیر/ خدنگ " كە ئاماژەی بە دە هۆز هەیـە. هەنـدێك دەڵـێن لەناوی هۆزی Yugra كە لە(سیبری)دا دەژیان و لەگەڵ هەنگارییەكان خزمن .

**مصر** (Egypt)

لەعـــەرەبی ووشـــەیەكی ســـامی (عربـــی: Mitzraim) ە . یەكـــەمین جـار ئەكەدییەكان بۆ ناو لێنانی مصر سودیان وەرگرت ، وە لەعەرەبیدا بەواتای ((شار)) یا ((مـــاڵ)) ە . لەتوركیـدا (Mısır) ە . لەعەرەبیـدا بـەواتای ((جێگـەی ڕاسـتو باریك)) ە كە بۆ شێوەی مصرلە درێژی ڕوباری نیل ئاماژەی داوە .

• Egypt (قـــبط)[51]: لەلاتینیـــدا Aegyptus لـــە یۆنـــانی دێرینـــدا (Aίγυπτος Aígyptos) ە . لەبەرئەوە بۆچونی (استرابوو) لە (Αιγαίου υπτίως) (Aigaiou hyptios) ((سەرزەمینی ژێر دەریای ئیجە)). لەوانەیـە لـەناوی مصـــری محفـــس ħāwit ku? pitáħ بـــەواتای ((پەرســتگای ڕۆح)) ((Ptah)) ە.

• Kême (ناوی دێرینو میسـری): ((ســەرزەمینی ڕەش)) (مصـری دێـرین kmt) ە. ناوی كیمیازان و ناناى فیزیایی لەم ووشـەوەیەو ئامـــاژە دراوە بـەدەڵتای تیرگون نیل لەبەرامبەری بیاباندا، ((سەرزەمینی سور)) (مصری دێرین dšrt).

---

٥٠ – تیرەیەكی بیابان نشین بوون لە مەنگۆلیا .وەرگێڕ

٥١ – قبط : تایفەیەكن لەخەڵكی مصر، خەڵكی ئەسڵی مصری كۆن، قبتیەكان. (وەرگێڕ)

Scanned with CamScanner

## مراكش ( Morocco ) مەغرب

ناوە سەرەکییەکەی لەئیسپانییەوە وەرگیراوە . لەناوی شاری (( مراکش )) "Marrakech"، کەلەوانەیە لەزمانی بەربەریدا ( ta)murt ) "سەرزەمین" یان( a)mur"بەش" )+ akush (( خودا )) بێت . ناوەئەوروپییەکەی لەدەربڕینی اسپانیدا Marruecos هەرئەمەیە.

ـ المغرب ( عربی ) :کەلەمەغریبە، سەرزەمینی عەرەبەکان .

## مەنگۆلیا ( Mongolia )

لەمەغۆلیەو لەوانەیە بەواتای (( دلێر )) یا (( بێ باك )) .

## مقدۆنیا ( Republic of Macedonia )

لەناوی خەڵکانی دێرینی مقدۆنیە . لەبەرئەوە بۆچونی Hesiod،لەناوی شا Makedon، کوڕی Zeus و نەوەی Deucalion، باپیری هەموو یۆنانیانە. لەوانەیە لەیۆنانیدا mak(( بەرز/ درێژ )) و ئاماژە بەشاخەکانی مەقدۆنیایە .

## مەکزیك ( Mexico )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Méxique یەوە وەرگیراوە . لەوانەیەلە Mexxica،لە لقی ئەزتەکەکان( [٥٢] ) بێت . هەندێك دەڵێن لەووشەی دێرینی زمان Nahuati، و بەواتای ( خۆر )ە . هەندێك دەڵێن لەناوی رابەر (( Mexitli )) ە . هیشتا هەندێك بڕوایان وایە کە لەناوی ( گیانی هزری ) ە کە لە دەوروبەری دەریاچەی Texcoco دەڕوێت .Leon Portilla دەڵێن لەووشەکانی metztli (( مانگ )) xictli ناوەڕاست، لەزمانی Nahuatl و بەواتای (( ناوەڕاستی مانگ )) ەوە یان metl) ( صبارە ) یە .

---

[٥٢] - ناوی شارستانییەتی ئەمریکییە لە مەکزیك . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## مۆریتانیا ( Mauritania )

ناوه سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Mauritanieیەوە وەرگیراوە . لەناوی هۆزەکانی بەربەر (( مور )) ( Mauri ) ە . ناوێك كه بەهەڵە پێی دراوە (لەبەرئەوەی مورەکان لەباشوری مراکش بن نەك لەژێری مەراکش ).

## موریس ( Mauritius )

ناوه سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Mauriceیەوە وەرگیراوە . لەناوی شازادە Maurits van Nassaueiland لە١٥٩٨ لەدوای Maurice Stadtholder، ( ١٥٦٧ ــ ١٦٢٥ ) of Nassau شازادە هلند ( ١٥٨٥ ــ ١٦٢٥ )ە .

## مۆزامبیق ( Mazambique )

ناوه سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Mozambique یەوە وەرگیراوە . لەناوی دورگەی مۆزەمبیق، لەوانەیە لەناوی فەرمانڕەوای پێشوی عەرەبی (( شێخ موسی بن مبیکی )) بێت .

## مۆلداوی ( Moldova )

ناوه سەرەکییەکەی لەفەرەنسی Moldavieیەوە وەرگیراوە . لەناوی ڕوباری مۆلداوی لەڕۆمانی، ڕەنگە لەگوتیك Mulda ( خاك/ گڵ )، شازادەنشین Moldavia (لەلاتینیدا : Moldova )یە .

Scanned with CamScanner

## مۆناكۆ ( Monaco )

ناوه سەرەكییەكەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . (( خۆی بەتەنیا ))،ئاماژە بەئەفسانەی هركول([53]) یۆنانییە كە لەم سەرزەمینەدا دەپەرسترا. بەم جۆرە لەناوی كلنی یۆنانی لەسەدەی ٦ پ.ز بەناوی Monoikos كە یۆنانییەكان Phocian ەو یان دامەزراند. ئەوان سێ پەرستگایان لە Monoikos ( Mόνοικος ) بەواتای (( مالّی تەنیا )) یان (( پەرستگای تەنیا )) بۆ هركول دروست كرد . لەوانەشە لەگەلّ هۆزەكانی ( مۆنك ) ( ایتالیای : manachi ) پەیوەندی هەبێت .

## مۆنتسرات ( Montserrat لەژێردەسەلاتی ئینگلیزدا )

ناوە سەرەكییەكەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. كریستف كۆلۆمب ناوی نا بە ( Santa Maria de Montserrate ) لەسالّ ١٤٩٣ ز دا . لەئەسپانیایدا بەواتای (( زنجیرە چیای نارێكو بەرزو نزم )) ە .

## مونتەنگرو ( Montenegro )

ناوە سەرەكییەكەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. داگیركەران و ( نیزی ) ئەم ناوەیان لێناوە . بەواتای (( كوێستانی ڕەش )) ڕەنگە ئاماژەبێت بەدارستانە تاریكە سنەوبەرییەكان . بێگومان لەئیتالیدا بە ( Monte nero و بەبێ "گ" ) دەخوێنرێتەوە .

- CrnaGora ( ناوی صربی و مونتەنگروی ئەو )): بەهەمان واتای (( كوێستانی ڕەش )) ە .
- Doclea ( ناوە كۆنەكەی ): ناوێك كە لەكاتی امپراتۆری ڕۆم تا تاكۆتایی ئەو سەردەمە سودی لێ وەردەگیراو لەناوی هۆزی ئیبریاییە ، لەكۆتایەكانی

[53] - ناوی قارەمانێكی ئەفسانەكانە لە یۆنان . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

ئیمپراتۆریەتی ڕۆم پێیان دەوت Dioclea کە لەناوێکی بازاڕی بوو.

- Zeta (ناوە کۆنەکەی): ناوی دواکەوتوی اسلاوی، لەناوی ڕوبارێکەوە کە لەمۆنتیگرۆدا دەڕوات و بەواتای ((محصول، بەروبوم)) یان (حبوبات، دانەوێڵەکان).

## بۆرما (میانمار) (Myanmar)

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . یەکەمین ڕونکردنەوەیەك دەڵێت لەکورت کراوەی ناوی برمەیی Myanma Naingngandaw یە، ڕونکردنەوەیەکی تر دەڵێت لە Myan ((خێرا)) Mar ((سەخت/ بەهێز)) . ئەم گۆڕانی ناوە لەبرمە بەهۆی کێشمە کێشمی سیاسییەوە بوو: تاوەکو هێزی نوێی (برمە) پیشان بدەن .

- برمە (Burma ناوی پێشین): لەوانەیە لەناوی سنسکریتی ئەم سەرزەمینە بێت: Brohmadesh ((سەرزەمینی (خودای) بورهما)) .

## دورگەکانی میدوەیی (Midway Islands لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)

ناوە سەرەکییەکەی لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە ، ((ڕێگای نێوەند)) لەنێوان بوون لەجێگاکانی تر لەزەریای ئارام .

- (Middlebrook Islands) ناوی پێشین: لەناوی دۆزەرەوەی دەریاوان N.C. Middlebrooks .

## مایکرۆنیزیا (Micronesia)

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە وەرگیراوە Micronésie . واژەی دروست بوو بە واتای لەیۆنانی mikros (بچوك) +nesos (دورگە) = دورگە بچوکەکان .

Scanned with CamScanner

## نائورو ( Nauru )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوزە وەرگیراوە ، لەوانەیە لەواژەی نائورویی Anáoero (( چووم بۆ کەناراو )) بێت . دۆزەرەوەی ئەڵمانی ناوی نا Nawodo یان Onawero .

## دورگەی ناڤاسا ( Navassa Island لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەساڵی ١٥٠٤ ز کریستف کۆڵۆمب گەیشتە ئەم دورگەیە، ژمارەیەك مەلەوانی نارد بۆ بینینی، کاتێك لەوێدا ئاوێکیان نەبینی ناویان نا Navaza "nava" بەواتای (( هەموار )) دێت . تاوەکو ٣٥٠ساڵ دوای ئەویش کەس لەوێدا نەژیا .

## نامبیا ( Namibia )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی بیابانی نامیب Namib. بەواتای (( شوێنێك کە لەوێدا هیچ شتێك نییە )) لەزمانی Nama .

- ئەفریقای باشوری ڕۆژئاوای ئەڵمان ( ناوی پێشوو ) .

## نیپاڵ ( Nepal )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەوانەیە لەسانسکریتی nipalaya، بەواتای (( پێکان لەسەر چیا )) یان (( شوێنی ژیان بۆ پاها )) کە ئاماژەیە بۆ هیمالایا . لەوانەیشە لەتبتی niyampal (( سەرزەمینی پیرۆز )) بێت . بەپێی بۆچونی (( هایزش هوبشمان )) ی زمان ناس ( Heinrich Hubschmann ) لەسەدەی نۆزدە، ناوی (( نخجوان )) لەئەرمەنیدا بەواتای (( شوێنی هاتنەخوارەوە )) یە و ئاماژەیە بۆ جێگیربوونی کەشتی نوح ( علیەالسلام ))

Scanned with CamScanner

لەسەر کێوی ئارارات . ئەڵبەتە بەپێی ناوی ئێستا ئەم بۆچونە دەگەیەنێت . پێشگری (( Naxc )) کە ناوێکەو (( avan )) لەئەرمەنیدا بەواتای شاردێت. بتلمیوس جوگرافی زانی سەدەی ٢ی زایینی و هەندێکی تر Naxuana ناویان بردووە. هەندێك دەڵێن لەناوی ئێرانی (( نەخشەی جیهان )) ە. عەرەبەکانیش پێیان دەوت (( نشوان )) کەپێشینەیەکی مێژوویی نییە .

## نەرویج ( Norway )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Norvége وەرگیراوە . لەنەرویجی دێرین nðrtr و vegr (( ڕێگای باکوری )) . Norðrvegr ئاماژە دەکات بۆ گوزەرگا لەکەناری لوتکەی ڕۆژئاوای ئەم وولاتە بەرەو باکوری .

- Urmane یان Murmane ( ڕوسی دێرین ): لەدەربڕینی ئەسکاندیناوی واژەی مزمن ( مرۆڤی باکور ) . ( ئەم واژەیە لەناوی شاری ڕوسییەوە Murmansk ماوەتەوە ) .

- Norge ( لەلەهجەی بوکول ) و Noreg ( لەلەهجەی نینورسك ). ( دوو ناوی ڕەسمی نەرویج ) .

- An Iorua ( ئیرلەندی ): لەوانەیە دەربڕینێکی هەڵە بێت لە Norðrvegr

## دورگەی نورفوك ( Norfolk Island لەژێر دەسەلاتی ئوستراليا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . جیمزکوك لەساڵی ١٧٧٤ ز ئەم دورگەیەی دۆزییەوە و لەناوی هاوسەری Edward Howard ، نۆیەمین دۆك نورفۆك لەبەریتانیا .

Scanned with CamScanner

## نەیجیر ( Niger )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی ڕوباری نەیجیر . بەشێوە ڕەسەنییەکەی "Ni Gir" ( ڕوباریGir ). ئەم ناوە زۆرجار بەهەڵە لەواژەی لاتین niger ( ڕەش ) گومانی بۆدەبرێت . بگەڕێن بۆ نەیجیریا بۆ واتاکەی .

## نەیجیریا ( Nigeria )

لەناوی ڕوباری نەیجیر کە لەم کشوەرەوە دەڕژێتە زەریاوە . بگەڕێن بۆنەیجیر بۆ واتاکەی .

## نیکاراگوا ( Nicaragua )

ناوە سەرەکییەکەی لەوانەیە لەفەرەنسییەوە Nicaragué وەرگیرابێت. ناوێک کە دۆزەرەوەی ئەسپانیایی لە ( امز جاج )ی دوناو Gil González Dávila، لە ( امزجاجی ) دوو ناوی Nicarao ( ناوی ڕابەری بۆمی کە لەکەناری دەریاچەی نیکارا گوا دەژیان ) و agua (( ئاو )) ( لەزمانی ئیسپانیایی ) دروستی کرد .

## نییو ( Niue لەژێر دەسەلاتی زلاندنو )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە Niu وەرگیراوە . لەوانەیە بەواتای (( گوێزی هندی )) "نارگیل" و é بەواتای ( بینین ) بێت . بەپێی ئەفسانەیەکی پلینزیاییەکان( ٥٤ ) کە گەیشتنە ئەم دوورگەیە، یەکەم جار گوێزی هندی یان بەسەر ئاوەوە بینی . ئەم واژەیەش لەگەڵ واژەی ئەڵمانی nieu "نوێ/ تازە" یش هەماهەنگی هەیە .

---

٥٤ – ناوی دورگەیەکە لە زەریای ئارام . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

## ڤاتیکان ( Vaticon City )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە ، لەلاتین Mons Vaticanus ناوی تەپۆڵکەیەکە لەشاری ڕمو(٥٥) لەڕەگی Vaticinari "پێشبینی کردن ، پێشبینی کەرو ڕەش بینەکان" لەڕێگای ئەم گردەوە کاریان دەکرد .

## دورگەکانی والیس و فوتونا ( Wallis and Futuna لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی دۆزەرەوەی ئینگلیزییەوە Samuel Wallis کە ئەم دورگانەی لەسالّی ١٧٩٧ز دۆزییەوە .

## ڤانواتووە(٥٦) ( Vanuatu )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەفانواتویی (( سەرزەمینی ئێمە )) .

*( New Hebrides ) ناوی دێرین : جیمزکوك لەسالّی ١٧٧٤ ز ئەم ناوەی لێنا لەناوچەی هیبرید لەسکۆتلەندا .

## ولز ( Wales وولاّتی سەربەخۆیە لەئینگلیز )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەئینگلیزی دێرین Walh، Waelisc، بەواتای "سلتی" یان بەواتای گشتی تر "بێگانە" دێت . ئەنگلۆسەکسۆنەکان(٥٧) ئەم وشەیان هەروەك توتنی دێرین بەکاریان دەهێنا بۆ

---

٥٥ - دەکەوێتە ئیتالیا .

٥٦ - دورگەیەکی بچوکە دەکەوێتە باشوری زەریای ئارام . وەرگێڕ

٥٧ - نەتەوەی ئینگلیز پێك دەهینن ، لە سەدەی ٥ ی زاینی لە باشورو ڕۆژهەلاّتی بەریتانیای گەورە نیشتەجێ بوون . وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

زمانی سلتی . فەرەنسییەکان ولێزیان ناو دەنا Pays de Galles، کە لەجێی gفەرەنسی، w ی ئینگلیزی بەکار دەبرێت. ( Gaul یان Gallia لەلاتینیش دا لەم ڕەگەیە ) .

Cymru ( ناوی ڕەسەن ): لەوێڵز دێرین (( سەرزەمینی هاونیشتمان )) .

## فەنزوێلا ( Venezuela )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . (( وێنزی بچوك ))، بچوککراوەی Venezia ناوێکی ئیتالیاییە، ئەم سەرزەمینە دۆزەرەوە ئیتالییەکان Amerigo Vespucci و Alonso de Ojeda دۆزی یانەوە .

## ڤێتنام ( Vietnam )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. لەچینی ( 越南 ) (( پشتی سنوری باشور ))، ناوێکی دێرینە کە ئاماژەی هەیە بۆ خەڵکانێ کە لەباشوری چین دەژیان .

## دورگەکانی ویرجیسن ( U.S. Virgin Islands لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کریستف کۆلۆمب لەساڵی ١٤٩٣ بەشانازی St.Ursula و یانزە هەزار خانمی ڕۆحانی ( Virgin ) ناوی لێنا .

- هندی ڕۆژئاوای دانیمارك ( ناوی پێشین ) .

## دورگەی ویل ( Wake Island لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەناوی کەشتی وان William Wake ی ئینگلیزی، ئەم دورگەیەی لەساڵی ١٧٩٦ ز دۆزییەوە ( ئەڵبەت

Scanned with CamScanner

دۆزەرەوەی ئەسپانیایی Mendaña لەسالی ١٥٦٨ ز ئەم دورگەیەی دۆزیبوویەوە ).

## هایتی ( Haiti )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەزمانی هندییە سورەکان Taíno/Arawak ، Hayiti/Hayti بەواتای (( سەرزەمینی شاخاوی )) .

## دورگەی هاولەند ( Howland Island لەژێر دەسەلاتی ولایەتە یەککگرتوەکان )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە. ئەم دورگەیە George E. Netcher لەسالی ١٨٤٢ ز دۆزییەوە و بەواتای (( جۆرە زەوییەك یان چۆنییەتی زەوی )) دێت .

## هۆڵەندا ( Netherlands )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Hollande وەرگیراوە . ناوی بەشێکە لە خاکی هۆڵەندا کە بەهەڵە بۆ هەمووی بەکار دەبرێت(بە هەڵە بە هەمووی دەوترێت) . بەئەڵمانی holt-land (( سەرزەمینی داپۆشراوە بەدرەخت )) هەندێك بەهەڵە بەhollow land (( سەرزەمینی کۆماری )) دەزانن .

- Nederland ( هۆڵەندی ) Netherlands ( ئینگلیزی ): ئەڵمانی (( سەرزەمینی دێرین )) ئەم وڵاتە کاتێك لەژێر دەسەلاتی ئینگلیزدا بوو کە دەکەوتە سەرەوەی .
- Batavia ( لاتین ): لەناوی گەلی ئەڵمانی Batavii.
- Alankomaat ( فنلاندی ): (( سەرزەمینی زێڕین )) .
- Na hÍsiltíre ( ئیرلەندی ): (( سەرزەمینی زێڕین )) .

Scanned with CamScanner

## هند ( India )

کۆنترین ناو بۆی لەزمانە ئێرانییەکاندا لەئاڤێستا ( Hindu ) و فارسی دێرین Hindu لەناوی سانسکریتی ڕوبار Síndhu (( سەرزەمین ))ی سند ( واژەی سند خۆی بەواتای پڕئاو دێت )) . ناوە ئەوروپاییەکەی لەفارسی دێرینەوە هاتووە .

- ( Bharat ) سەنسکریت : لەوانەیە لەناوی دوو پاشای کۆن بەناوی Bharata و یان بەواتای (( سەرزەمینی بت خانەکان )) . واژەکانی (( بەهار )) و (( وەهار )) کە لەفارسیدا هاتوون هەر لەو ڕەگەن .
- Hindustan ( هندی ) : لەهندوستانی فارسی، کە دوو واتا دەبەخشێت : (( سەرزەمینی هندەکان )) یان (( سەرزەمینی هند )) .
- rGya.gar ( دزونگخا ) : rGya.gar.yal ( تبتی ) .
- hodu ( عبری ) : لەناوی فارسییە دێرینەکەی Hidu .

## هندۆراس ( Honduras )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەئەسپانیایی "Honduras" (( قولاّییەکان )) ، ئەم ناوە کۆلۆمب لێی نا بەهۆی ئاوە قولّە کەنارییەکانیەوە لەباکور .

## هۆنگ کۆنگ ( Hong Kong دورگەی سەربەخۆ لەچین )

ناوە سەرەکییەکەی لەئینگلیزییەوە وەرگیراوە . لەوانەیە لەدەربڕینی ناوی ( 香港 ) ( Hakka/ Cantonese ) بەواتای (( بەندەری بۆن خۆش )) بێت . لەدەربڕینی ئەمڕۆی چینی Heung Gong ، چونکە لەباکوری ئەم دورگەیە مادەی بۆن خۆش دەچێنرا ، وە لێرەدا دەنێرایە دەرەوە . هەندێکیش دەڵێن لەناوی دزی دەریایی ( ژنێکەوەیە ) کە هێرشی کرد بۆ ئەم دورگەیەو ناوی ( 香姑 ) ( Xiang Gu ) بوو .

Scanned with CamScanner

## یەمەن ( Yemen )

لەعەرەبی (( یمن )) بەواتای ( ڕاست، دروست ) هەندێك دەڵێن لە (( یمین )) ( لای ڕاست )) . هەندێکی تر دەڵێن لە (( یمن )) ( خۆش بەختی، سعادەت ). لەڕابردودا یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان بەوێیان دەوت (( عەرەبستانی خۆشبەخت ))، چونکە ئاوو هەوای و سەوزییەکەی بەتەواوی لەگەڵ ناوچەکانی تری نیمچەدورگەی عەرەبستان جیاوازی هەبوو .

## یۆگسلاڤیا ( Yugoslavia )

ناوە سەرەکییەکەی لەفەرەنسییەوە Yogoslavie وەرگیراوە . وڵاتێك کە هەموو نیمچەدورگەی باڵکانی دەگرێتەوە و لەگەڵ ناوەندی ( چەقی ) صربیا .

لەئەسلاوی Jugoslavija (( سەرزەمینی اسلاویەکانی باشور )) .

## یۆنان ( Greece )

باشترین ناو بۆی لەزمانە ئێرانییەکان ( Yauna ) ە . Yunanistan ( ئازەری، تورکی )، الیونان ( عەرەبی )، Yavan ( عبری ): لەناوی ئەیونیان، کە لەیۆنانییەکانی ئاسیای بچوك .

- ( Greece ): لەلاتین Græcus، لەیۆنانی Γραικοί، بەپێی وتەی ئەرستۆ ناوی خەڵکی ئەسڵی Epirus .
- ( Ελλάδα ) ( هلاس، یۆنانی ): سەرزەمینی هلنییەکان. لە Hellen لەگەڵ واژەی ئینگلیزی "settle" ( نیشتەجێ بوون ) هاوڕەگە . یۆنانییەکان خۆیان دەڵێن بەواتای (( سەرزەمینی ڕۆشنی )) دێت و لە ( ἥλιος hḗlios ) بەواتای (( خۆر )) دێت.
- ( Hurumistan ) ( کوردی )، Urəm ( زمان Adyghe ): لەواژەی "ڕۆم" ە.
- Saberdzneti ( საბერძნეთი ) گورجستانی ) .

Scanned with CamScanner

**سەرنجێکی پێویست**:- ئەگەر بەوردی واتای ناوی وڵاتان بخوێنیتەوە ئەوا تێ دەگەیت کە باس لەشارستانیەتی جیهان دەکات ئەگەرچی مەبەستی تەنها ناولێنانی وڵاتەکەیە یان گەیاندنی ناوی ناوچەکەیە، بۆیە من لێرەدا وەستانێك دەکەم بەتۆی خوێنەری هێژا، ئایا دەکرێت جیهانی ڕابردوو تەنها سێ شارستانیەتی گەورەی تێدا بووبێ ئەوانیش (یۆنان، هیندستانو ئێران) لەگەڵ چەند شارستانیەتی لاوەکی تردا...

هەروەك چۆن لەپەرتوکەکانی تردا ئاماژە بەشارستانیەتی ئیسلامی ناکرێت لێرەشدا بەخەمساردی باسی لێوەکراوە، وەك ئەوەی لەمێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا زاناکان هەر خەریکی ئامۆژگاری (واعظ)ە بوون، ئیتر بواری گەڕانو خوێندنەوەیان نەبوو، چونکە وایان زانیوە ئەگەر گەشتو گەڕان بکەن توشی تاوان دەبن، ئایا موسڵمانان بەدرێژایی چواردە سەدە جوگرافی زانیان تێدا هەڵکەوتووە؟ ئایا لەگەردونیان کۆڵیوەتەوە؟ ئایا گەشتیان کردووە بۆ ناوچەکانی تری گۆی زەوی؟ ئایا واتای گۆڕانی ئاوو هەوایان زانیوە؟ ئایا..... پرسیار زۆر دێت بەمێشکدا، بەڵام هەر پرسیارەو وەڵامی خۆی هەیە، منیش لێرەدا بەپشتیوانی خودای گەورە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە زۆربە کورتی.

بەکۆتایی هاتنی وەحی خوایی بۆ سەر پێغەمبەر (د.خ) لەماوەی ٢٣ساڵدا، چینێکی بێ وێنەی لێ دروست کرا وەك بنکەیەکی پتەو بەمامۆستایی پێغەمبەر (د.خ) ئەمەش زەمینەی سازکرد بۆ هاوەڵان کە یەك لەدوای یەك لەگرنگی ئایینەکە تێ بگەن، هەر لەخەلیفەی یەکەمەوە دەست بەکاربوون، پاشان لەسەردەمی خەلیفەی دووەم دەست کرا بەگەیاندنی ئایینی خودایی، ئەمەش لەبەر تێگەیشتنیان لەبەرنامەی خودایی (رحمة للعالمین) بۆیە لەسەرەتادا ناوچە نزیکەکانو پاشان بۆ ناوچە دوورو ئەو شوێنانەی کە شارستانیەتیان بونیادنا بوو، بەڵام بەبیروباوەڕو ڕەوشتێکی هەڵەوە (چ لەتێگەیشتنی خودایی یان گەردوونی).

ئەو ناوچانەی کە حکومەتی ئیسلامیان تێدابوو تەنها خەریکی لایەنی ڕۆحی نەبوون، بەڵکو دونیاشیان لەپێش چاوبوو، لەبەرئەوە گرنگییان بەلایەنی گەردونیو مرۆییدا وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی زانیاری دونیاییو وەرگرتنی ئەزموونو ژیان لەدیاردە سروشتیەکان.

ئەم بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامە وای کرد لەزاناکان کە سود لەشارستانیەتی وڵاتانی تر وەربگرن، بۆ نمونە ئەو نەخشەیەی کە بەطلمیوس دروستی کردبوو لە سەردەمی خۆیدا لە ئەوروپا پشتگوێ خرابوو لە کاتێکدا لە لای موسڵمانان پارێزراو بوو وە سودیان لێ وەر دەگرت ، لەبەرئەوە من لێرەدا دوو قوتابخانە لەسەدەی سێو چواری کۆچی دەخەمە ڕوو:-

١- بەرهەمی جوگرافیای تەواوی جیهان، بەڵام وڵاتانی ئیسلامی زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابوو، هەوڵو کۆششەکان لەسەر ئەوەبوو کە ئەو زانیاریانە بەردەست بخرێ کە لەبەرهەمەکانی تری غەیری ئیسلامی نەئەدۆزرانەوە (زانیاری دونیاییو غەیری دینی)، ئەمانەش ناونران (ئەدەبیاتی دونیایی جوگرافیای ئەو سەردەمە) ئەمانەش زانیاری جوگرافیای گەردوون، سروشت، ئابوری، ئەستێرەی لەخۆی گرتبوو، لەزانا دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتین لە (ابن خوداذبة، یعقوبی، ابن الفقیه، قدامته، بن جعفرالکاتبو مسعودی.

لەکاتێکدا کە عێراق ناوەندی پەروەردەو فێرکردنی جوگرافیابوو، وەزۆرێك لەزانایانی جوگرافی هەڵکەوتوو لەو ناوەندەدا هەبوون، وەشایستەیە ئەم کۆمەڵە لەنوسەران ناوبنێین بەقوتابخانەی عێراق، بەڵام لەم قوتابخانەیەش دوو کۆمەڵەی نوخبە دیاری دەکەین:-

ئەوانەی بەرهەمەکانیان بەپێی چوار ئاراستەکە بوو (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) وە بەغدادیان بەچەقی جیهان ئەژمار دەکرد، ئەوانی تر ڕیزبەندی

Scanned with CamScanner

پەرتوکەکانیان لەسەر بنەمای هەرێمی بوو، وە( مەککە )یان بەسەنتەری وشکانی دادەنا.

٢- کۆمەڵەیەکی تر بەرهەمەکانی ئسطخری وابن حوقل ومقدسی یە، کە بۆ ناساندنیان قوتابخانەی بلخی دانراوە، لەبەرئەوەی لەشێوازو کارکردنیان دەچنەوە سەر ابوزید بلخی و پەیڕەوی ئەویان کردووە، نوسەرە جوگرافیەکانی قوتابخانەی بلخی ڕەنگی ئیسلامی ( مثبت )یاندا بەجوگرافیا، وەکاری ئەسڵییان زیاتر وەصفی زەوی ئیسلامی بووە وەگرنگی یان بەچەمك و زانیارییەکانی دەدا، یان لەقورئاندا باسی لێوەکرابوو یان لە ( حدیث )یان (وتەی هاوەڵانی پێغەمبەر ( د.خ ) ئاماژەی بۆ کرابوو([1]).

لەم دوو خاڵەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دامەزراندنی قوتابخانەی جوگرافیایی پێویستی بەداتاو زانیاری پێویست هەیە، نەوەك وەك پاشکۆیەتی شارستانیەتەکانی تر، بەڵکو پێویستی بەگەڕان و لێ وردبوونەوە هەیە. لەخواریشەوە ناوی هەندێ زانای جوگرافی زان و بەرهەم و کارکردنیان دەهێنم تا خوێنەر بزانێ کە جیهانی ئیسلام و شارستانییەتی ئیسلام وەهم و خەیاڵ نەبووە، بەڵکو بە لەپێش چاو نەگرتنی کەسەکان ئەم شارستانیەتە شکۆمەندە ونە.

١- هشام بن محمد الکلبی

لەساڵانی ٢٠٤ کۆچی، ٨٢٠ زاینی، لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر ناوچەی دورگەی عەرەبی ( جزیرە العرب ) خستۆتە ڕوو، بەڵام بەرهەمی بەجێ ماوی کەمی ماوە.

---

[1]- د. حسین شکوئی، فلسف جغرافیا، مؤسسە جغرافیایی و کارتوگرافی گیتا شناسی، چاپ هامون، تهران، چاپ سیزدهم، پائیز ١٣٨٦، ص١٠،٩،٨.

Scanned with CamScanner

٢- محمد بن موسى الخوارزمي

ماوەی ساڵانی چالاکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٨ تا ٢١٨ هـ.ق، وە بە دامەزرێنەری پایەی یەکەمی زانستی جوگرافیا دادەنرێت لەنێوان موسڵماناندا ئەویش لەپەرتوکی (صورة الأرض)، لەم پەرتوکەدا هێڵی پانی و درێژی روونکراوەتەوە، لەگەڵ بوونی چەندین نەخشە کە جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ نەخشەکەی بطلمیوس.

٣- الكندي

فەیلەسوفێکی بەناوبانگی سەدەی سێیەمی کۆچی، نویەمی زاینییە، کە نوسەری (رسالة في الربع المسكون)ە. لەلایەکی ترەوە بەنوسەری پەرتوکی (رسم المعمور من الأرض) دادەنرێت.

٤- احمد بن محمد كثير فرغاني

جوگرافی زانێکی موسڵمان بووە کە لە(بيت الحكمة)دا چالاکی هەبووە، پەرتوکێکی هەبووە بەناوی (جوامع علم النجوم) ماوەی حەوت سەدەی تەواو واتە ٧٠٠ساڵ لەئاسیای ڕۆژئاواو ئەوروپادا سودی لێ وەرگیراوە. لەکارە جوگرافیاییەکانی بریتییە لەبەشداری کردنی لەدروست کردنی ئامێری ئەندازەگرتنی تیرەی زەوی، دیاری کردنی ماوەی نێوان هەسارەکان، هەروەها دروست کردنی ئامێری ئەندازەگیری ڕووباری نیل وەناوی ناوە (نيلسنج) نیل پێو.

٥- ابن فردادبه

لەسەدەی چوارەمی کۆچی(دەی زاینی ژیاوە) ، لێکۆڵینەوەی زۆری لەبغداد هەبووە، نوسەری پەرتوکی (المساحك والمالك) یان ڕێگاکانو ویلایەتەکان، لەم

Scanned with CamScanner

پەرتوکەدا باس لەڕێگا بازرگانیەکانی جیهانی عەرەب و ڕوون کردنـەوەی ناوچـە دور دەستەکان دەکات، وەك چین، کۆریا، ژاپۆن (یابان)، سیلان و هند.

٦-یعقوبی

ناودارترین جوگرافی زان و گەشت کەری موسڵمانە لەسەدەی چـوارەمی کۆچـی/ دەیەمی زاینیدا ژیاوە. پەرتوکێکی هەیە لەشێوەی فەرهـەنگی ئەمرۆژیـدا بـەناوی (البلدان) لەم کتێبەدا هـەوڵی ڕوون کردنـەوەی جوگرافیـای سروشـتی و مرۆیـداوە. لەکتێبەکەیدا باس لە (بغداد، سامەڕا، ئێران، توران، ئەفغانسـتان) دەکـات پاشـان باس لە (عەرەبستانی باشور، سوریا، میصر، مەراکیش (مغرب) دەکات، بەڵام ئـەو بەشانەی پەیوەستە بەهند، چین و ئیمپڕاتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزەنـت) نادیـارە. هەندێك یعقوبی بەباوکی جوگرافیـای ئیسـلامی دادەنـێن، چـونکە بەرهەمەکـەی یەکەمین بەرهەمێکە کە ڕۆژئاواییەکان سەرنجیان خستۆتە سەر.

٧-ابو الحسن مسعودی

جـوگرافی زان و سروشـت ناسـی موسـڵمانە، لەسـاڵی ٩١٥زاینـی بغـدادی جێهێشت و بەرەو جیهانی ئیسلام و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا کەوتـە ڕێ. ئـەم جوگرافی زانە گەشـتەکانی خـۆی کـورت کردۆتـەوە لـەکتێبێکی (٣٠ بەرگیـدا)دا بەناوی (مروج الذهب ومعادن الجوهد).

مسعودی باسی هەموو هەرێمەکانی کردووە لەچین تاوەکو فەرەنسـا لەڕوانگـەی جوگرافیایی، ڕووەکی، ئاژەڵی، مێژویی، کلتور، ئایین، زانست، فەلسەفەو....

٨- ئەبو رەیحان بیرونی

یەکێکی ترە لەجوگرافی زانەکان ٣٦٢-٤٤٠ ی کۆچی، بەرهـەمی زۆری هەیـە لە بوارە جیاجیاکاندا، بەڵام گرنگترین بەرهەمی لـەجوگرافیادا (تحقیـق مـا للهنـد)

Scanned with CamScanner

لەبارەی جوگرافیـایی ناوچـەییەوە. بیرونـی چـەند بیروبـاوەڕی هـەبووە لەوکاتـەدا لەوانەش:


لەخڕی زەوی گومانێکی نەبوو، زەوی شتـەکان بـەرەو خـۆی ڕادەکێشـێ (واتـە بڕوای بەکێشـی زەوی هـەبوو)، دۆڵـی سـند ڕۆژگـاری بنکـی دەریـابووە. لـەکاتی باسکردنی جوگرافیای ئاسیاو ئەوروپا ناوی زنجیرە چیاکان دەبـات کـە تـا هیمالایـا درێـژەیان هەیـە. وەبـڕوای بەدرێژبوونـەوەی باشـوری کیشـوەری ئـەفریقا هەیـەو دەتوانرێت کەشتی وانی لەزەریایی باشوریدا بکرێت([2]) .

٩- ابن بطوطه : یەکێکیترە لەو جوگرافی زانەکان کە لە سـاڵی ٧٠٣ ق/١٣٠٤ز تەنجەی مەغریب لە دایك بووە ، وە لە ساڵی ٧٢٥ ك بەرەو مەکە کەوتەڕێ و دواتـر سەفەری کردووە بۆ مصر و شـام ، حیجـاز ، عێـراق ، ئێـران ، یەمـەن ، بحـرەین ، تورکستان ، بەشێك لە هند و چین ، جاوەو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ([3]) .

---

[2]- زهرەفنی، مقدمەای بر تاریخ علم جغرافیـا، چـاپخانەی میهـر، تهـران، چـاپ سـوم، ١٣٨٥، ص٩٢-٩٩.

[3]- www. http://fa.wikipedia.org





- بەرنامەی سەفەری سالّ ١٣٢٥ تا ١٣٣٢ ی زایینی .
- بەرنامەی سەفەری سالّی ١٣٣٢ تا ١٣٤٦ ی زایینی .
- بەرنامەی سەفەری سالّی ١٣٤٩ تا ١٣٥٤ ی زایینی .

ئەمانەو چەندان جوگرافی زانی تر کە بەیارمەتی خوای گەورە لەجێگای خۆیاندا باسیان لێوە دەکەین .

لەم چەند خالّەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە موسڵمانان ئەوەندەش بێ ئاگانەبوون لەجیهانی دەوروبەریان و جوگرافیای ناوچەکان، ئەمە لە کاتێکدایە ئەوروپا لە ڕێرەی سەدە تاریکەکاندا بوون . بەلاّم ئەمە دلۆپێکە لەدەریای زانیاری کە من تەنها هەندێکیانم هێناوە وە تەنها لەبواری جوگرافیادا زانیاریەکەیانم خستۆتە ڕوو.

Scanned with CamScanner




Ibn Battuta Itinerary 1332–1346 (Black Sea Area, Central Asia, India, South East Asia and China)

لەساڵی ١٩٠٢دا یەکەمین کتێب دەربارەی کیشوەری ئەمریکا بەوردی خرایەڕوو، لەم پەرتوکەدا هەریەك لەشارستانیەتە جیهانیەکان هەوڵیاندەدا تا دۆزینەوەی ئەم کیشوەرە بدەنەپاڵ خۆیان، ئەوەی لای ئێمە ناسراوە ئەوەیە کە کریستف کۆڵۆمب یەکەم کەس بووە کە لەسەدەی پانزەدا ڕێی کەوتووە لەم سەرزەمینانەو دۆزیونیەتەوە، ئەویش بەپێی ئامادە سازییەکانی پرتوگالییەکان.

لەناوەڕۆکی ئەم پەرتوکەی بەردەستت ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ناوچانەی کە لەلایەن پرتوگالی و ئیسپانییەکانەوە زەمینە سازی بۆ کراوەو دۆزیویانەتەوە ناوی پاشا و شاژنی ناوچەکەیان بەم ناوانەوە ناوە.

Scanned with CamScanner



Ibn Battuta Itinerary 1349–1354 (North Africa, Spain and West Africa)

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەمریکا بەناوی ( کۆلۆمـب )ەوە نـاو نـەنرا یان بەناوی شازادەو پاشاکانەوە بۆ ئەوەی باشتر بناسرێتەوە، وەڵامەکـەی سـادەیە، چـونکە لەڕاسـتیدا کۆلۆمـب مەبەسـتی نـەبوو شـوێنی نـوێ بدۆزێتـەوە، بـەڵکو بەمەبەستی گەیشتنی بـۆ هندسـتان کەشـتی گەلەکـەی ئامـادە کـردوو وەبـەهۆی ونکردنـی ڕێڕەوەکـەی گەیشـتە کـەنارەکانی ئـەمریکای بـاکور، بـەڵام هەرچـی لەکۆلۆمب بوو ئـەو ناوچـانە هندسـتانە، چـونکە لەڕاسـتیدا کۆلۆمـب شـارەزایی لەنەژادا نەبوو تا هەست بکات کە ئەم ناوچانە هندسـتان نییـە، بۆیـە بانگهێشـتی

نەژاد زان (ئەمریکۆ سپۆس یان کردو ئەم هەڵەی کۆلۆمب راست کردەوە کە ئەم ناوچەیە هندستان نییە، بەڵکو سەرزەمینی نوێیە.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوەش لەپێش چاوبگرین کە ئەم دۆزینەوانەی کۆلۆمب کە دەوترێ دۆزەرەوەی ئەمریکایە لەڕاستیدا قسەو باسی زۆری لەسەرە چ ئەمریکا و چ ناوچەکانی تر، چونکە پرتوگالییەکان لەو سەردەمەدا (ساڵی ١٥٠٧)ی زاینی تەنها یەك نەخشەیان لەبەردەستدا بووە کە پێیان دەوت ولدسیمولر (Waldseemuller) وە هیچ کاتێك لە وڵاتەکەیان نەچووەتە دەرەوە، ئەو نەخشەیەی کە کۆلۆمب لەساڵی ١٤٩٨ کێشاویەتی نزیکەی ٢٠-٣٥ پلەی هێڵی درێژیو پانی جوگرافیایی هەڵەی هەبووە. جێی خۆیەتی ئاماژەیەکیش بەوتەی (لاس کاساس) بکەین کە یەکێکە لەمێژوو نوسانی هاوسەردەمی (کریستف کۆلۆمب) کە دەڵێت: کریستف هەمیشە نەخشەیەکی پێ بوو کە تیایدا کیشوەرو وڵاتو دورگەکانی لەسەر کێشرابوو، ئەم نەخشەیە هی خۆی نەبوو، وەنەخشە گەلێکی زۆری لەناوچە جیاوازەکانەوە لەبەردەستدا بوو کە لەگەشتە جیاوازەکانیدا سودی لێ وەردەگرت. وە کۆلۆمب ئەو دورگانەی کە لەنەخشەکەدا هاتبوون کەشتی گەلی ڕێك دەخستو دەیناردن بۆ ڕاستو دروستی زانیاری نەخشەکە، لەم کاتەدا کەشتی گەلێکی بەفەرماندەیی کەشتی مارتین (ئالوتدو بینرون) ڕێك دەخستو ناردنی بۆ دورگە نزیکەکان، بەلام دوای گەڕانەوەیان بۆ لای کۆلۆمب شتێکی سەیریان خستەڕوو، وتیان خەڵکی (ئەهلی) دورگەکە پێیان ڕاگەیاندین، پێش هاتنی ئێوە بۆ دورگەکە کۆمەڵە کەشتی وانێ هاتونەتە ئێرە، وە کەشتی گەلی مۆدێرنیان پێ بووەو مەلەوانی لێ هاتوو بوون.

ئەو نەخشەیەی کە لای کۆلۆمب بووە نەخشەیەکی بنەڕەتی بووە، وەلێکۆڵەر (پائول توسکانلی) گەیشتوەبە (کریستف کۆلۆمب)، بەڵام ئەو پرسیارەی کە بۆ ڕۆژهەڵات ناسە ئەڵمانیەکان بێ وەڵامە ئەوەیە کە ئەم نەخشەیە چۆن گەیشتۆتە دەست (پائول تۆسکابلی).

Scanned with CamScanner